# مەکیاڤیللی

**لە تای تەرازوودا**

د. موحسین محەمەد حوسێن

# مەکیاڤیللی

## لە تای تەرازوودا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

سەباح ئیسماعیل

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرين (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. موحسین محەمەد حوسێن
مەکیاڤیللی لە تای تەرازوودا
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٧٠
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٤ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

## بەرایی

"پشێوی زیان بەسەرجەم کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەو لە داردانانەی بە فەرمانی میر ئەنجام دەدرێن تەنیا زیان بەکەمینە دەگەیەنن"!

مەکیاڤیللی

زۆرێک هەر کە بڕگەی "ئامانج پاساو بۆ شێواز دەهێنێتەوە" دەبیستن، یەکسەر ناوی (نیکۆڵۆ مەکیاڤیللی)[1]یان بیر دێتەوە. هەر هێندەی ناوەکەشیان بەرگوێ دەکەوێت زایەڵەی گوتەیلی وەک "فریودان و ناپاکی و بێ ڕەوشتی و تەنانەت دژوەستانەوەی ئاینەکانیش"یان دێتەوە بیر.

ئەمەش پرسێکە مایەی سەرسوڕمان و پرسیارە. مەبەستی بڕگەی ناوبراویش لەوەدایە، مرۆڤ بۆ گەیشتن بەئامانج و مەبەستەکانی، مادامەکی بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی ئەو ئامانجە پێویستە هەر ڕێگەیەک بگرێتە بەر ئازادە، جا ئەگەر میر بێت، یاخۆ فەرمانڕەوا، یان بەهەر ناوێکەوە بێت. مەبەست لەمەش بڵاوبوونەوەی بەهاکانی دەرچوونە لە ئاکاری گشتی و لەو

١. لە نووسینە عەرەبییەکاندا بەچەندین شێوە ناوی مەکیاڤیللی هاتووە: مکیاڤیللی، مکیافیلی و بەهەڵگەڕاندنەوەی V واتا پیتی (ڤ) بۆ (ف). بەهەمان شێوەش بەنیسبەت ناوی یەکەمیەوە: نیکۆلای، نیکۆڵۆ. تەنانەت ناوی تەواویشی لەسەر بەرگی دەرەوەی کتێبی (میر)دا نووسرا، کە لە وەرگێڕانی محەمەد لوتفی جومعەیە، خانەی پەروەردە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن – بەغدا. بەشێوەی (نیقۆلای ماکیافیلی) و لەسەر بەرگی ناوەوەش (نیقۆڵو مکیافیللی) و لە هەمان بەرگدا نووسراوە (دانانی نیقۆلا ماکیاڤیللی).

یاسـایانەی کـاریان پێ دەکرێت، هـەروەها گـوێنەدان بـەسـووک و ڕیسـوابوون لەچاو ئەوانەی دەوروبەر و خـەڵکەکـەشـەوە، ئـەمـەش لـەسـۆنگەی ناوزڕاندنی کەسەکەوەیە.

لە بواری سـیاسـەتیشـدا بەهـۆی تێـوەگلانی بەهـەڵگەڕانەوە و هـەلپەرسـتی، ناوی مەکیاڤیللی لەگەڵ سـەرجەم سیفەتە ناشرینەکاندا هـاوتایە[٢].

سـەرەنجامـەکـەشـی ئەوە بوو ئەم پیـاوە شـایانی بێت یان نا، بەهەڵە بێت یا هـەڵبەسـتراو سیفەتی (پارێزەری شـەیتان)یان بەسـەردا بڕیوە.

ئەمـەش ئەو نرخـە بوو کە دای، کـاتێک ئەو هزرەی لە ناخیـدا بوو بەوپەڕی ڕاسـتگۆییـیـەوە دەری بڕی و لەبـەرئەوەی ژیانـی سـیـاسـی و پێـوەندییـە گشـتییـەکانی تاقی کردەوە و بەچاوی خـۆی هەڵسوکەوت و ڕاگەیاندنەکانی (مـیـر) و مـیـرەکـانی تری بینی، کـە دژ بەیـەکـتـر بـوون لەوەی بۆ خـەڵکەکـەیان ڕادەگەیاند. ئەمـانە وایان لێ کرد هـەر کـە هزرەکانی لا خـەمڵێن، ئەوە بڵێت کە گـوتی و لە کایەی سیاسـەتدا کتێب دابنێ، پاشـان لە مەیدانەکانی مـێژوو و ئەدەبدا.

ئەوانـی بایەخ بەهـزری مـەکـیـاڤـیللـی دەدەن لەسـەر ئەوە کـۆکن (یاخـۆ خـەریکبـوو کۆکبن) لەسـەر ئەوەی بووە ناوێک بەسـەر هـەمـوو سـیـاسـییـەکی توند و بەهێز لە ئاوەز و دڵدا و گوێ بەشـەرەف، یا پاکی یاخۆ ترس لە خوا نادات، بێ ئەوەی بـۆ گـەیشـتن بەمـەبەست سڵ لە ئەنجـامـدانی ناشـرینتـرین تاوان بکاتەوە، مـادامـەکی میر دەکۆشـێت، یاخـۆ (وا نیشـان دەدات کۆشش دەکات) بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی وڵات، کە خۆی بەڕێوەی دەبات.

مـەکیاڤیللیزم بووەتـە زاراوەیەک بۆ گشت کارێکی نابەجێ، بنیـات نرابێ لەسـەر فێڵ و تەڵەکـەبازی و هـاوتا لەگەڵ خۆپەرستی و خودئەڤینی و خستنە پێشی ئامانج بـەسـەر چاکیی هۆکار یا شـێواز، ئیدی (میر)ەکەی بووە کتێب

---

٢. د. حسن عثمان: منهج البحث التاريخي. دار المعارف. القاهره، ١٩٨٤، ص٤٨.

و دەستوور و ستەمکارانی پێ ئاراستە دەکردن.

داخۆ مەکیاڤیللی دەیویست ناوی بزڕێنرێت و گوێی پێ نەدات؟ ئەی داخۆ بەو قسە ئاگرینانەی مەبەستی چی بوو؟ یاخۆ بەبەردەوامی کار بەبیروڕاکانی نەدەکران، یان ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بوو لە ماوەیەکی شڵەژاودا تێیدا دەژیا، لە ژیان یا مێژووی شارە دڵگیرەکەی، یاخۆ وڵاتی خۆی ئیتاڵیا و باقی ئەوروپای ئەوسا.

ناکرێت سەرپێیی بەسەرجەم هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەم سیاسییەدا بچینەوە، وەلێ دەمانەوێت بەپێی توانا تیشک بخەینە سەر ئەوەی بەئاشکرا و ڕاستگۆییەکی سەیر دەری بڕیوە، هەروەها ئەو شوێنەوارەی ڕاشکاوییەکەی لە دوای خۆیەوە جێی هێشت، جا ئیتر لەسەر ئاستی سەرکردەکان بێت، یاخۆ لەسەر ئاستی خاوەن بیردۆزە سیاسییەکان.

هەروەها دەکۆشین ڕوونی بکەینەوە، کە مەکیاڤیللی یەکەمین کەسە بەری بۆ ئەو بیردۆزانە (تیۆر) کردووەتەوە و کەسی تر پێشی نەکەوتووە.

## مەکیاڤیللی و خێزانەکەی و ڕەوشی ژیانی

هەر لە فلۆرەنسا هاتە دنیاوە و لەوێش کۆچی دوایی کرد. پەنجا و هەشت ساڵ ژیا. لە خانەوادەیەکی سەر بەحزبی پاڵپشت لە کڵێسا بوو، چەند کەسێک لە بنەماڵەکەی هەر لە مێژەوە پۆستی گشتییان وەرگرتووە، هەروەها لەلایەن حکوومەتی شارەکەیەوە ڕێزیان لێ نرا و لە خەڵکەکەیشییەوە بەرز نرخێنران.

لەگەڵ پێکهێنانی خێزاندا لە سەدەی نۆزدە، سیازدە کەس لە ڕۆڵەکانی خانەوادەکەی بەرپرسیاریەتیی دادوەرییان وەرگرت و پەنجا کاری گشتیی تریش لە فەرمانگە باڵاکانی دەوڵەت. باوکی بەرپرسی بەڕێوەبردنی دارایی شاری ئەنگۆنەی ئیتاڵی بوو، دایکیشی دەگەڕێتەوە سەر خانەوادەیەکی بەخشندە و ڕەسەنزادەی دێرین لە شکۆییدا، هەوڵی دەدا کوڕەکەی ببێتە شاعیر.

زۆر لەبارەی منداڵیی مەکیاڤیللییەوە نازانرێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت چووەتە پەیمانگەی ئەدەبی لاتینی و گریکی. پاشان بەرپرسیاریەتیی نهێنیگریی کۆماری فێرینزەی باڵیۆزی فلۆرەنسای وەرگرتووە، کە پێی دەگوترا (Firenze - Florence) ئەو کاتی لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو، دوای چوار ساڵ بووە لێپرسراوی نهێنییەکانی دیوانی دادوەری، پتر لە چواردە ساڵ تێیدا مایەوە، لەو ماوەیەدا بیست و سێ جار بۆ وڵاتانی دەرەوە نێررا، وێڕای ئەو ناردنە زۆرانەی لەناو وڵاتەکەیدا پێی دەسپێررا.

ڕەوشی ناودەوڵەتی لە ئیتاڵیا سەقامگیر نەبوو (ئەو کات پارچە پارچە بوو، ئەوە بوو دوای سەتان ساڵ ئینجا یەکیان گرتەوە)، ئەو کات پاپا و

هێزە گەورەکانی ئەوروپا (پرووسیا - واتا ئەڵمانیا) و فرەنسا بەشێوازی جیا جیا لەسەر دەستبەسەرداگرتنی ئیتاڵیا ململانێیان بوو، جارێک بەفێڵ و جارێکی تر بەئاگر و ئاسن، تەنانەت کۆماری فێرینزە بووە نێچیری لەشکرەکانی ئیسپانیا بەهاوکاری لەگەڵ سوپای پاپا و لەشکری کۆماری ڤینیسیا (وێڕای ئەوەی کۆمارێکی ئیتاڵی بوو).

هەروەها پاپا بەخۆی لە رەوشێکی ناسەقامگیردا دەژیا، هەرچەندە بزووتنەوە پرۆتستانتییەکان (جیابوونەوەخوازەکان) هێشتا دەستیان پێ نەکردبوو، بەڵام هەوڵێلێک بۆ چاککردنی چەوتیی کڵێسا و گۆڕینی سیستەمی بیرۆکراتیی دوور لە ئاینی ڕاستەقینە و کرانەوە بەرووی سەردەمدا لە ئارادا بوون.

قەشە ساڤۆنا رۆلا دیارترین کەس بوو لەوانەی داوای چاکسازییان دەکرد و بەوە رق و تووڕەیی پاپای بۆ خۆی هێنا. هێندەی نەبرد لەسەر ئەو هەڵوێستەی بەزەندیقیان دەرکرد و بووە هۆی لەداردانی لە فلۆرەنسا لە ساڵی ١٤٩٨دا، ئەو کات لە تەمەنی چل و شەش ساڵیدا بوو[٣].

ئەوە بوو مەکیاڤیللی گوتە بەناوبانگەکەی ڕاگەیاند:

"هەش بەسەر ئەو پێغەمبەرانەی چەکیان نییە، واتا پێغەمبەرە بێ چەکەکان، هەڵبەت چارەنووسی ئەمانە سەرنەکەوتن و وێرانییە، بەڵام چارەنووسی پێغەمبەرانی چەکدار سەرکەوتنە"[٤].

دوای جێبەجێکردنی بڕیاری لەداردان بەسەر ساڤۆنا رۆلادا لە گۆڕەپانی

٣. د. محمد فؤاد شكري و د. محمد انيس: اوروبا في العصور الحديثة (من النهضة الايطالية حتى الثورة الفرنسية) مكتبة الانجلو المصرية- القاهرة ١٩٥٦- ١٩٥٧، ص١١.

٤. ليسلي ووكر: مقدمة كتاب (المطارحات) لمكيافيللي - ت: خيري حماد. منشورات دار الافاق الجديدة. بيروت. ط ١٩٧٢/٢، ص٣٤.

شـار لـەگـەڵ دوو لە ڕەبەنە لایەنگرەکـانی، تـەرمـەکـانیـان سـووتێنران و خۆڵەمێشەکەیان فڕێدرایە ڕووباری ئەلارنۆوە[٥].

نیکۆلۆ لاوازیی ڕەوشی وڵاتەکەی بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە:

یەکەمیان: بەشبەشبوونی بۆ کۆمەڵێک دەسەلات و دەوڵەتۆچکەی شار.

دووەمـیـان: دابـەزینی دیسـپلین و ڕوحی سـەربازی و لە زۆر دۆخـدا پشـتبەسـتن بـەسـوپای بەکرێگیراوی بێگانە. ناوبراو لە هەردوو دۆخـەکەدا گلەییـیـەکـەی خـسـتـە ئەسـتـۆی کـڵێـسـاوە، ئەو گـازندەی ئەو دۆخی بەشبەشبوونەی لێ دەکات کە ئیتاڵیای گرتووەتەوە، لەبەرئەوەی کڵێسا لەلایەکەوە لاوازە و ناتوانێت یەکیان بخـات و بیانخـاتە ژێر ڕکێفی خـۆیەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەو لاوازییەدا نییە نەتوانێت بەرهەڵستیی هەر میرێکی ئیتاڵی پێ نەکرێت، کە بکۆشێت وڵات یەک بخـات، کڵێسا هەردەم وڵاتانی بیانیی دژ بەمیر دەورووژاند، کاتێک بیویستایا وڵات یەک بخات[٦].

مەکیاڤیللی چاوی بڕیبووە کورسیی پۆستێک لە پۆستەکان، وەکو باسمان کرد، بەدەستی هێنا، لێ هەر ئەوەندەی دۆخی سیاسی لە فلۆرەنسادا گۆڕا، لە دوای ڕووخـانی بەدەست هێزەکـانی پاپا و خـانەوادەی مـیـدیچی، ئیـدی دەستی کرد بەنووسینی نامەی پڕ لە سۆز و میهرەبانی و تێکەڵ بەبرگەی لێدان لە کەرامەتی مرۆڤەکان، کتێبەکەشی (میر) پێشکێش بەمیری نوێی شار (لۆرانزۆ دی میدیچی) کرد، هەر لە یەکەمین دێرەوە بەڕوونی گوتار بۆ خۆشەویستیی میر و هەوڵدان بۆ نێزیکبوونەوە لێی دەدات و ماستاوچێتی بۆ دەکات:

"کـاتێک ویسـتم مـەرایی بۆ مـیـر بکەم، وام بەباش زانی دیارییـەکی پێشکێش بکەم شایان بەو بێت، هەروەها بەڵگەیەک بێت لەسـەر دڵسۆزیم بۆ

٥. هەمان سەرچاوە. ل٣٦.

٦. المطارحات: ص٤٤.

دەسەڵاتەکەی... پاشان... خۆم باش لە سووک و ڕیسواییەکەی دەگەم (واتا سووک و ڕیسوایی کتێبەکەی "میر")... بڕوام وایە ئەم دیارییەم شایان بەپایەی بەرز و بڵندتان نییە... دواییش... "خاوەن شکۆ چاوێک بەدەورووبەرتا بگێڕە کابرایەک دەبینی لە خواری خوارەوەیە و دۆخی ئەو پێویست بەبەزەیی پێدا هاتنەوە دەکات، لەوەی بەسەریدا هاتووە لە دەردیسەری و ئازار و ناحەزی و ستەم لەلایەن کەسوکارییەوە - بەپێی قسەی خۆی- ئەو کەسەی ئەم کتێبەی داناوە".

واژۆ: ملکەچی بەر دەرکەتان: نیکۆڵۆ مەکیاڤیللی

قسەکانی مەکیاڤیللی کۆتاییان هات، جگە لە دەربڕینی پڕ لە مەرایی و ڕیایی و سۆز و میهرەبانی خواستن و لە نرخی خۆ کەمکردنەوە، تەنانەت خۆی بەڕووتە (صعلوک) وەسف کردووە[٧].

وێڕای ئەمە بەمەرامی خۆی نەگەیشت، بەدەستکورتی ژیا و بە لەبیرکراوی مرد، هەرچەندە (میر) بەگرینگترین کتێبی فەلسەفەی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و فەلسەفەی مێژوو پۆلێن کرا، جگە لە کتێبەکانی تری.

---

٧. الامیر. ص٥٢-٥٣.

## بەشدارییەکانی لە کاری سیاسیدا و دانراوەکانی

مەکیاڤیللی لە ساڵی ١٥٠٥دا ئەو کاتی لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا بوو بۆ خزمەتکردنی کۆماری فلۆرەنسا (ڤێرنیزە) بەشداریی لە ڕێکخستنی دەستە سیاسی و جەنگییەکاندا کرد، ئەوەی بەبیردا هات لەشکری بەکرێگیراوی کۆندیتری بگۆڕێت بەسوپایەکی نیشتمانی بتوانێت بەرگری لە وڵات بکات، ئەم کارە ترسناکەی درا بەسەردا، وەلێ تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەمەش لە سۆنگەی پارچەپارچەبوونی بەرژەوەندییەکانەوە لە فلۆرەنسا و سەرتاپای ئیتاڵیادا، لەبەرئەوەی نەریت وایە سوپای نیشتمانی لە وڵاتێکی یەکگرتوو و لە سیستمێکی زیندوودا دادەمەزرێت "مادامەکی نەتەوە لە ناوەخۆیدا بەش بەش بووە و قسەکانی پەرت و بڵاون ئەوە نەتەوە نییە و ناتوانرێت سوپایەکی شەڕکەری لێ پێک بهێنرێت."[٨].

ئەو سوپا نوێیەی، لە پێکهێنانیدا زۆر ماندوو بوو و ژمارەیەکی زۆری لە هاووڵاتییانی فلۆرەنسا بۆ کۆ کردەوە و باشترین ڕاهێنانی کردن، نەیتوانی بەرەڤانی لە نیشتمان بکات و لە بەرابەر هێزی کڵێسای پێکهاتوو لە بەکرێگیراوی سویسری خۆ بگرێت، ئەوە بوو داگیرکەر سەرکەوت و مەرجەکانی خۆیان بەسەر شاردا سەپاند، گرینگترینیان گەڕاندنەوەی خانەوادەی میدیچی بوو بۆ فەرمانڕەواییکردنی فلۆرەنسا.

مەکیاڤیللی لە ساڵی ١٥١٢دا، کە لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا بوو، خۆی بینییەوە پیاوێکی نەفرەت لێکراو و بێکار بوو، دوای ئەوەی خەونەکانی هەرەسیان هێنا لە ڕەوشێکی خراپدا بوو، هەروەها تووشی گرتن هات و

٨. هەمان سەرچاوە. ل٨.

دواتر بەردرا، ئەوە بوو پەنای بردە بەر دۆستێکی و دۆخی خۆی بۆ باس کرد، نووسی "ویژدانت قبوولٚ دەکات لە کونجی لەبیرچوونەوەدا بمێنمەوە و تاقە کەسێک نەبینمەوە باسی کارەکانم بکات و سوودەکانم نەنرخێنێت، ئەستەمە ئەم دوورەپەرێزی و دابڕانەم لە ژیان درێژە بکێشێت، هێزم لەبەر سێبەری بۆشایی و هەژاریدا دەپووکێتەوە و چک دەهێنێت، ڕۆژێک دەردەچمە دەرەوە و بەخزمەتکردنی دزێوترین بازرگان قایل دەبم، یاخۆ پەنا بۆ گوندێک دەبەم و منداڵانی تێدا فێرە ئەلف و بێ دەکەم"[٩].

بێ ئەوەی کۆڵ بدات هەوڵی دا لە خانەوادەی دەسەڵاتداری نوێ نێزیک ببێتەوە، کەچی گشت ماندووبوونەکانی بەبا چوون. پاشان لە ژیان کشایەوە، تاکو ڕۆژەکانی لە دوورەپەرێزیدا لە مەزرایەکی بچووک لە کەناری شارەکەیدا بباتە سەر. دواتر سەرلەنوێ پێوەندیی بەخانەوادەی میدیچییەوە کرد، تاکو ڕازیبوونی ئەوان و پاپا بەدەست بهێنێت، ئەمەش نیشانەی ئاوەزی سیاسییەکی هەلپەرست بوو، ئەوە بوو پۆستێکیان دایێ شایان بەو نەبوو، بەر لەوە، دانیشتن لەسەر کورسی (بەلای ئەوەوە) مانای گەڕانەوە بۆ ژیانی دەگەیاند[١٠].

دەشێت (لۆرانزۆ دی میدیچی) دەستنووسەکەی هەر نەکردبێتەوە (میر) کە پێشکێشی کرد. دووریش نییە ئەمە یەکێک لەو هۆیانە بێت، کە نیکۆڵۆ نەگەڕایەوە سەر کارەکەی پێشووی وەکو سکرتێر (بۆ ئەنجوومەنی ئازادی و ئاشتی)، یاخۆ نازناوی (سکرتێرە فلۆرەنسییەکە).

هەرچی ئەو خزمەتانە بوون کە لەساڵی ١٥١٩دا پێشکێشی خانەوادەی میدیچی کردن، تەنیا بوونە هۆی شێواندنی وێنەکەی لە چاوی

---

٩. هەمان سەرچاوە. ل١٥.

١٠. سمير شيخاني: اعلام الحضارة. مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر. ط١٩٧٢/٢ ج٢، ص٣٧٧.

کۆمارییەکانەوە، هەر کە دوای ئەوە بەهەشت ساڵ مرد، بەدڵی پڕ لە حەسرەت و ژیانی پڕ لە بێ هیواییەوە سەری نایەوە[١١].

لە دوورەپەرێزییەکەیدا سەرەتاکانی چەند کتێبێکی دانا، ساڵی ١٥١٣ کتێبی (میر)ی دانا لەگەڵ کتێبی (دەمەتەقێکان) لە ساڵی ١٥١٩دا، هەروەها (هونەری شەڕ)ی لە نێوان ساڵانی ١٥١٩ – ١٥٢٠دا دانا و (مێژووی فلۆرەنسا)ی لە هەشت بەرگدا نووسییەوە و لە ساڵی ١٥٢٥دا داینا، لە کتێبی (هونەری شەڕ)دا بەرگریی لە بیرۆکەکەی کرد سەبارەت بەپێویستی بوونی سوپایەکی نیشتمانیی ڕاوەستا و لەسەر بەسەربازکردن و گەڕاندنەوەی داوونەریتی ڕۆمانی لە ژیانی سەربازیدا، هەرچەندە لەو ڕۆژگارەدا بیرۆکەکە واقیعی نەبوو.

کتێبی (میر) لەگەڵ کەوتنە بەردەستدا بەنهێنی و بەئاشکرا ناوبانگێکی بەرفراوانی دەرکرد. بەدووری دەزانین شتی خرابێتە سەر و بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانییەکانییەوە لە بەرگریکردنی لە شارەکەی دژ بەهێرشەکانی کڵێسا، کڵێسا ویستبێتی وێنەی دانەرەکەی بشێوێنێت. لەبەرئەوەی دەستنووسە بنچینەییە نووسراوەکە بەدەست و واژۆی خۆی هێشتانەکینێ ماوە.

دوو شتی سەیر و دژبەیەک هەن پێوەندن بەهەڵوێستی کڵێساوە لە بەرابەر کتێبەکانی مەکیاڤیللیدا، یەکەمیان ئەوەیە، ئەو کتێبانەی چاپخانەی کڵێسا بەڕەزامەندیی پاپا کلیمێنتی حەوتەم چاپ کرا، لە نێویاندا کتێبی (میر) دوای مردنی دانەر بەچەند ساڵێک، وێڕای ئەوەی ئەو بیرۆکانەی تێیدا بوون لەگەڵ ڕەوتی کڵێسادا نەدەگونجان.

دووەمیش ئەوە بوو، پاپا پۆڵسی چوارەم دوای نێزیکەی سی ساڵ لە

---

١١. شوفالییة، جان جاك: تاريخ الفكر السياسي. ت: د. محمد عرب صاصيلا. المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت. ط١٩٩٨/٤، ص ٢٣٧.

مـردنی، کـتـێـبـەکـانی مـەکـیـاڤـیـللیی قـەدەغـە کـرد و ڕەزامـەندییـەکـەی پاپای پێشوو کلیمێنتی حەوتەمی پشتگوێ خست[١٢].

ئەمەش (وەکو دەبینین) مانای وایە کلێسا بیرۆکەی خۆی نەپەستاوەتە ناو کتێبی میرەوە، ئەگینا پاپا پۆڵسی چوارەم بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبەکانی ئەو پیاوەی دەرنەدەکرد، بگرە هانی پتری بڵاوکردنەوەی دەدان، نەخوازە کتێبی میر، دوای ئەو خستنە سەرەی باسیان لێوە دەکرد، مادامەکی خستنەسەرەکان ئامانجی کلێسا بەدی دەهێنن، ئەو ئامانجەش ناوزڕاندنی نووسەرە.

١٢. الامیر. ص١٢.

## ڕۆشنبیرییەکەی

دایک و باوکی مەکیاڤیللی حەزیان دەکرد کوڕەکەیان شاعیر بووایا، ئەویش هۆنراوەیەلێکی نووسین هەستەکانی تێیاندا سەریان کردبوو، وەکو:

بەئومێدم و ئومێدیش ئازارەکانم پتر دەکات

دەگریم و گریانیش خۆراکە بۆ دڵەی پڕ لە کەسەرم

دەسووتێم و سووتانەکەشم لەژێر ڕوویەکی ناسکدا خۆی حەشار داوە[١٣]

وەلێ وەکو شاعیر ناوبانگی دەرنەکرد، هەروەها نوشوستیشی هێنا لەوەی ببێتە نیگارکێش، لە کاتێکدا هاوچاخی مەزنترین نیگارکێشانی جیهان بوو و هەمووشیان ئیتاڵی بوون و لە شارەکەی ئەودا بوون (فلۆرەنسا)، یاخۆ لەویَ ژیان و ماوەیەک تێیدا گووزەران، مۆزەخانەکانیش مەزنترین دەسکەوتیانن، نەخوازەلا (بۆتشیللی ١٤٤٥-١٥١٠) و (لیۆناردۆ داڤینشی ١٤٥٢-١٥١٩) و (مایکڵ ئەنجیلۆ ١٤٧٥-١٥٦٤) و (ڕافائیلۆ سانزیۆ ١٤٨٣-١٥٢٠) و (چیلینی ١٥٠٠-١٥٧١) و گەلێکی تریش.

مەکیاڤیللی ڕۆمانێک و چەند شانۆنامەیەکی نووسیون، شانۆنامەیەکی بەناوبانگی هەیە بەناوی (ماندرا کۆلا)، کە لەچاو هەندێک لەوانەی نووسەری ساتیرنووسی فەرەنسی (مۆلێر ١٦٢٢-١٦٧٣) نووسیونی بەداهێنان دادەنرێت.

هەروەها کۆمەڵێک کورتەچیرۆک و ژیننامەی نووسیون، ڕەنگە ناودارترین

---

١٣. د. حسن عثمان. سەرچاوەی پێشوو. ل٤٨.

کتێب لەبارەی مێژووەوە نووسیبێتی (مێژووی فلۆرەنسا) بێت.

هەروەها کاری کرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ گرفتێلی فەرمانڕەوایی و سیاسەت و گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی مێژوو و لێکۆڵینەوە لەسەریان، شێوازی نووسینی بەقۆناخێکی گرینگ دادەنرێت لە سەرهەڵدانی زمانی ئیتالی لەگەڵ هاوولاتی و نووسەری ناودار (ئەلیجێری دانتی ١٢٦٥–١٣٢١)ی دانەری (کۆمیدیای یەزدانی).

هەروەها ڕای تایبەتی خۆیشی هەبوو سەبارەت بەئابووری و ئاین و شەڕ. ڕەنگە گەورەترین خەسڵەت پێی بناسرێتەوە دانپێدانانی بووبێت بەبوونی زانستێک بەناوی (زانستی سیاسەت)ەوە، پرەنسیپەکانی گونجابوون لەگەڵ فیزیای نوێ و زانستی دەروونناسیی تازە و گوزارشتکردن بەشێوەیەکی ئاسان و ورد لەبارەی هێڵە پانەکانی ئەو زانستە[١٤].

ئەمە و ئەگەر بمانەوێت بەراورد بکەین لە نێوان دوو کتێبی گرینگیدا، دەبینین (میر) وێڕای بچووکیی قەوارەکەی بەچڕیی بابەتەکانی ناوی دەرکرد، کە لە ١٥٠ لاپەڕ کەمترە[١٥].

لە کاتێکدا کتێبی (دەمەتەقێکان) بەوە ناوی دەرکرد، کە قەبەیە و بابەتی هەمەڕەنگی تێدان، ژمارەی لاپەڕەکانی پتر لە ٥٦٠ لاپەڕە.[١٦]

پاشان تایبەتمەندیی (میر) لەوەدایە دیالەکتیکی هزرەکان و هێمنی و هاوسەنگی تێدان. هەروەها بەوە ناسرا بنەواکانی دەسەلات و ڕێساکانیمان

١٤. هورکهايمر، ماكس: بدايات فلسفة تاريخ البورجوازية. ت: محمد علي اليوسفي. دار التنوير. بيروت ١٩٨١. ص١٣.

١٥. هەروەها لە وەرگێڕاوی یەکەمین جار لە قاهیرە لە ساڵی ١٩١١دا (هەروەها دار التربية لە بەغدا چاپی کردەوە)، ئێمەش پشتمان بەم چاپە بەستووە، مەگەر بەدەگمەن نەبێت، ئاماژە بەچاپەکەی تریش دەکەین کاتێک لێی وەربگرین.

١٦. لە وەرگێڕانەکەی خیری حماد، چ/٤ ١٩٧٩.

پێشکێش دەکات، لە کاتێکدا (دەمەتەقێکان) فەلسەفەی یەکەتیی ئەندامیمان پێ دەبەخشێت، لەگەڵ ئەو دۆخانەی لەژێر سێبەریدا دەکرێت ڕۆشنبیری بژی و گەشە بکات، هەروەها کۆمەڵێک چەمک، کە ئومێدی هەر حکوومەتێکە سەقامگیر بێت و ئاسایشی تێدا فەراهەم بێت.

تێیدا باس لەو ڕێگەیە دەکات، پێویستە سەرکردەکان لە مامەڵەکردنی سەرباز و ڕەشەخەڵکەکەدا پێڕەوی بکەن[17].

١٧. المطارحات. ص ٧٨.

## چەندان ڕا لەبارەی
## بۆچوونەکانی مەکیاڤیللی و ڕەنگدانەوەیان

فرانسیس بێکونی زانای سروشت (١٥٦١-١٦٢٦) لەسەر هەڵە نەبوو کاتێک مەکیاڤیللیی بەهزرمەندێکی سیاسیی بەئەزموون دانا، لەبارەیەوە وتوویەتی: ئێمە قەرزارباری ئەو و هاوشێوەکانیین، ئەوانەی سەبارەت بەڕەفتاری میرەکانیان نووسیوە، نەک ئەوەی پێویستە پێی هەستن.

بەهەرحاڵ ئەزموونگەری و پراگماتیزم، هەندێک لە لایەنەکانی میتۆد و هزری مەکیاڤیللی بوون[١٨].

ئەو دۆخە سیاسییەی ئەو تێیدا ژیا، لەگەڵ بایەخدانی بەرفراوانی بەمێژووی ڕۆمانی و دەرککردنی بەگرینگییەکەی لەچاو ئەوانی وەک خۆین، مادەی سەرەکی بوو، ئەو بۆچوونە سیاسییانەی پێک هێنا کە جیهانیان هەژاند، نەخوازەلا نکوولیکردنی لە ڕەوشتی باو، بەئاشکرا لە (میر)دا هاتووە:

"زۆر سەلامەتتر و دانایی ترە خەڵکی لێت بترسن لەوەی خۆشیان بوێیت".

ئەمە جادووی مەکیاڤیللییە، هەر ئەمەش بوو ستەمکار، یاخۆ دیکتاتۆری ڕۆمان (کاراکلا ٢١١-٢١٧ز) پێڕەوی کرد و ئەویش چاوی لە خوێنڕێژ و ئیمپراتۆری هەرەناودار کالیگۆلا کردبوو، کە لەبارەی خەڵکەکەیەوە وتوویەتی:

---

١٨. حازم صاغية (المعد والمترجم): نيكولو ماكيافيللي. دار الرواد، بيروت، ١٩٨٠، ص٣٦.

"با تابتوانن ڕقیان لێم بێت، بەڵام لێم بترسن". ئەوە بوو کوشتیان.

پێشتر گوتمان مەکیاڤیللی سوودی لە ڕەوشتی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان، فەرمانڕەوایانی گەلەکەی وەردەگرت.

هەوەها داوای لە میر کرد لە بڕواهێنان نێزیک نەکەوێتەوە، ئەگەر ئەم نێزیکبوونەوەیە زیانی پێ دەگەیەنێت، یاخۆ لە بەرژەوەندییدا نییە.

سیاسەت لە زمان و زاراوەکانی فەرهەنگەکەیدا ململانێیە لە نێوان بەخت و Virtuدا، کە بەرز و بڵندی ناگەیەنێت، وەکو لە ڕەوشتی ئاینی مەسیحدا وا دەگەیەنێت، بگرە لای ئەو هێز دەگەیەنێت[١٩].

کەواتە سیاسەت ململانێیە لە نێوان بەخت و هێزدا، یەکێک لە گرینگترین بایەخەکانی لەوەدا خۆ دەنوێنێت چۆن میر هێزێکی سیاسی، یا سیاسەتی هێز بەرهەم بهێنێت.

بەڵام مەکیاڤیللی لێکی نەداوەتەوە، یاخۆ تێنەگەیشتووە کە خۆی خاوەن تیۆری (بێ ڕەوشتییە لە سیاسەتدا)، ئەو خۆی وا دانابوو، کە خاوەن تیۆرییە، کە دەڵێت:

سیاسەت ئاکاری تایبەت بەخۆی هەیە، وێڕای دەرکەوتنی خۆپارێزیی زۆر لەسەر بیروباوەڕی، نەخوازە لە سەدەی نۆزدە بەدواوە. کەچی گرینگیدان پێی بەردەوام بوو و زیادی کرد، لەبەرئەوەی بەرزبوونەوەی ئەو کێشانەی خستنیە ڕوو، هاوشان لەگەڵ دەرکەوتنی وڵاتانی تۆتالیتاری، ژیانێکی تازەیان بەبەردا کرا، (میر) بووە ئینجیلی ستەمکاران و هاوسەرینیان، تا دوا شت بێت بەر لە نووستن خۆی پێ ڕۆشنبیر بکات، یاخۆ یەکەمین شت بێت لەگەڵ گزنگی بەیاندا چاوی پێی هەڵبێت... تاکە فەرمانڕەوایی بکات... ستەمکاری فەراهەم بێت... تا خوێن بڕژێت. بۆ پاراستنی هێز و دەسەڵاتی

١٩. سەرچاوەی ناوبراو ل٤٨، هەروەها بڕوانە هۆرکهایمەر ل١٧– ١٨.

دەوڵەت... یاخــۆ بەهەر بەهـانەیەکـی ترەوە بێت... ئەوە ئـامــانج و خــۆی لە خۆیدا بەهایەکی ڕەهایە[20].

هەرچی ڕەشە خەڵکی ئەم وڵاتەن، ئەوا مەکیاڤیللی دەڵێت:

"خـەڵکی شـەڕانگێزن و پەیمانت لەگـەڵدا نابـەنە سـەر"، ئەی مـیـر ئەوانە "ئەگـەر ناچار نەکرێن باش و چاک بن، ئـەوا بێگومـان بەلای ئەوەدا لادەدەن خراپ بن"، وای دەبینێت پێویستە بەوردی نیگای ئاکاری توێژە میللییەکان بدەین، ئەوانی ناوەند و خوارەوەش، دەستـەی یەکەم تابلـّێی خـراپن (لەسـەر بنەوای ئـەزمـوونی خـۆی) لە پێـوەندییـەکـانیـاندا لـەگـەڵ دەسـەڵاتدا، ئەوان بەچاوچنۆکی و ڕیسوایی و مەرایی و بێ نرخییەوە (ئەگەر نەڵێین نامەردی) لە ململانێدان.

پاشان درێژەی دەداتێ:

"خـەڵکی چاوبرسین، بـەرژەوەندیخـوازن، ئیـرەیی دەبەن، پەرۆشن، هەمـوو کات ناڕازین، تەنیا چاویان لەو شتانەیە کە هی خۆیان نین، ڕاڕا و سپڵەن، شت دەشارنەوە و درۆزن و دووڕوون.

هەر کات بەهانە بۆ خـۆشـاردنەوە لە بەڵێنەکـانیـان بدۆزنەوە، بەبانیـدا باز دەدەن و لە ترسـا زراویان دەچێت. بەڕاسـتی تەنیـا یەک شت کـاریـان لێ دەکات، ئەویش ترسە لە سزادان.

لەبـەر ئەمــە واچاکــتـرە بۆ مـیــر ترسـێنـەر بێت لـەوەی لەبەر دڵان بێت. هەرچەندە وا باشـترە هەردوو سیفەتەکە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. خـەڵک سادە و سـاکـار و بێـبــەشن لە ڕادەربڕین، بێ تواناترن لەوەی بگەنە قـووڵاییی شتـەکان. هەر لەبەر ئەمـەشـە بـەدیمەن هەڵدەخـەڵەتێن. شـەڕانگێـز و بەدن، بەدییـەکـەشـیـان لەگـەڵ کـاتدا ناڕوا و لە بـەرابەر چاکـەکـاریدا سـووکـیش

٢٠. شوفالیە ص٢٣٧.

نابێت... بەدوای کۆتاییی هیچ شتێکدا ناڕۆن. بەدەگمەن دەزانن بەیەکجاری باش بن، یاخـۆ بەتـەواوی بەد بن، هـەروەها لە بـەرابەر تاوانە گـەورەکـاندا دەکشێنەوە"[٢١].

لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتیشەوە ڕایدەگەیەنێت:

"ئەگەر یەکێک بیـەوێت لە ڕۆژگاری ئێمـەدا دەوڵەت دامـەزرێنێت، ئەوا لای دانیشـتوانی چیـانشین ئاسـانتـر دەیبینێـتـەوە، چونکە شـار تێکی نەداون، لەوەی لای ئەوانەی وا ڕاهاتوون لە شاردا گووزەران بکەن، لەبەرئەوەی ژیان لە بنچینەوە لەوێ شێوێنراوە، لەو قسـەیەی ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨) دەکات، کە دەڵێت:

(خەڵک پاراون، وەلێ شار تێکی داون). هەروەها مەکیاڤیللی دەبێژێت:

دەستوور و یاسـاێلی سیسـتەمێک لە بنیاتناندا بێت، هێشتا خەڵکەکەی پاکن، بەڵام دەگۆڕێن و بەتێپەڕبوونی کات گەندەڵ و خراپ دەبن، واتا وەکو پێشوویان لێ نایەتەوە، وەکو سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت"[٢٢].

ئەوی وا لە خـەڵک دەکـات لە بۆچوونەکـانی بسـڵـەمـێنەوە و لەوی دەیڵـێت تووشـی شـۆک بـن، ئەوەیە وای دادەنێن کتێبـێک دەخوێننەوە ڕێنوێنی تێدا بێت بۆ میـر لە چۆنیـەتی بەزەبری هێز گرتنەدەسـتی دەسـەڵات و پاراسـتنی دەسـەڵاتەکەی، وەلـێ سـەریان لـە بەرد دەدات، هەینێ دەبیـن کتـێبـەکـە (لە ئەنجـامـدا) سـتـەمکار بـەرهـەم دەهێنێت، لـەوانەی شـێـوازی فـەرمـانڕەوایی لەوەوە وەردەگـرن. هـەرچەندە دیکتـاتۆرەکـان بەر لەوەی مـەکیـاڤیللی بێتـە کـایەوە، سـرووشـی سـتـەمکارییـان بۆ دابەزیوە، ئەوان پێـویسـتـیـان بەڕێنیـشـاندەر نەبووە تا ئاراسـتـەیان بکات، یاخـۆ کتـێبـێک فێـریان بکات

---

٢١. هەمان سەرچاوە ٢٣٨.

٢٢. حازم ص٣٧.

پێویسته چۆن فەرمانڕەوایی یا ستەم بکەن، کاتێک لە هەزاران ساڵەوە لە وڵاتەکانیان یا لە شوێنانی تر بەدەرکەوتن.

ئەوە (ئۆتۆی یەکەم)ی شای ئەڵمانیا ناسراو بەگەورەترین (٩١٢-٩٧٣ز) دوای پێنج سەدە ڕێنوێنی و پێشنیازەکانی مەکیاڤیللیی پێڕەو کرد، هەرچی میر و دەرەبەگ و پیاوانی ئاین هەبوون خستبوونییە ژێر جڵەوی خۆیەوە، بێ ئەوەی گوێ بەمۆچیاریی نووسەرێک یا کەسێک بدات، تەنیا ئەوە نەبێت بەخۆی بۆ بەهێزکردنی وڵاتەکەی بەپێویستی دەزانی.

مایەی گومان نییە ئەم نامیلکە مەترسیدارە گەلێک بیرۆکە و ڕێنوێنیی تێدان فەرمانڕەوای ڕەها سوودیان لێ دەبینێت، بەڵگەکانیش دروستیی ئەم ڕاستییەیان سەلماندووە، شۆڤالێ لە بانگکردنەکەیدا بۆ ستەمکاری، بەکتێبێکی نموونەییی دڵڕەقانەی وەسف کرد.[٢٣]

ئەو فەرمانڕەوایانەی "میر"یان خوێندووەتەوە لایەنگری ئەو بیرۆکانە بوون کە تێیدا هاتوون، ڕەنگە بەرجەستەترینیان (شارڵی پێنجەم - شارلکان ١٥٠٨-١٥٥٨ز) ی ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریای پیرۆزی ڕۆمانی بێت، کە فەرمانڕەواییی ئەڵمانیا و نەمسا و هۆڵەندا و بەلجیکا و ئیسپانیا و کۆڵۆنییەکانی دەکرد لە هەردوو ئەمەریکادا، لەگەڵ چەند بەشێکی ئیتاڵیا.

هەروەها (کاترین دی میدیچی ١٥١٩-١٥٨٩ز)ی شاژنی فەرەنسا، کیژی میر لۆرانزۆ دی میدیچیی میری فەرەنسا، کە لە ڕۆژگاری ئەودا کوشتاری (بارتلیمۆ) ڕووی دا، تێیدا زۆربەی زۆری پرۆتستانتەکانی فەرەنسا لە ساڵی ١٥٧٢دا قڕ کران.[٢٤]

ئیمپراتۆر و شاژنی ناوبراو هانی لە چاپدانی "میر" و بڵاوکردنەوەیان دا،

---

٢٣. شوفالية ص ٢٣٤.

٢٤. د. محمد فؤاد شكري. هس ل ١٣٩.

ئەم هاندانە بەس بوو بۆ ئەوەی بیروباوەڕی مەکیاڤیللی بەلێپرسراو دابنرێت لە بەرابەر ئەو کارە دزێوەی شاژندا، کاتێک ئەو کوشتارە گەورەیەی بەشێوەیەکی تاوانکارانە و نامەردانە ئەنجام دا، ئەمەش لەودەمەدا بوو کە پرۆتستانتەکان ئاهەنگیان لە یەکێک لە بۆنە ئاینییەکاندا دەگێڕا، ئەوە بوو بووە هۆی ئەوەی پرۆتستانتەکان لە فرەنسا و شوێنانی تر جامی تووڕەییان بەسەر مەکیاڤیللیدا بڕێژن، دوای ئەوە بەچوار ساڵ، واتا لە ساڵی ١٥٧٦دا، گانتێ کتێبەکەی (ئەنتی مەکیاڤیللی) دەرکرد، تێیدا نەک هەر بەیەکەمین لێپرسراوی ئەو کوشتارە دزێوەی تاوانبار کرد، بگرە بەیەکەمین لێپرسراوی هەموو خراپییەکانی پاشا فرەنسییەکانیشی دانا، نەخوازە هێنری دووەم و شارڵی نۆیەم و هێنری سێیەم[٢٥].

هەروەها ڕێنوێنییەکانی نیکۆلۆ سوودیان بۆ ژمارەیەکی تر لە ستەمکاران هەبوو (بەگەورە و بچووکیانەوە)، هەر لە تۆماس کرۆمویڵی وەزیرەوە (١٤٨٥-١٥٤٠ز)، کە هاوچەرخی مەکیاڤیللی و سیاسەتمەدارێکی ناوداری سەردەمی هێنری هەشتەم (پاشای ئینگلتەرە لە نێوان ١٤٩١-١٥٠٩ز) بوو. کرۆمویڵ زمانی ئیتاڵی خوێندووە و لە شەڕدا بەشدار بووە، سەرسام بوو بەکەسی مەکیاڤیللی و دانەیەک لە دەستنووسی (میر)ی دەست کەوتووە و وای لە شا هێنری کردووە حوکمی تاکڕەوی دامەزرێنێت. هەروەها کتێبەکە لە گیرفان و لە کتێبخانەی چەندان کەسایەتیی ناوداری ئەورووپیدا دۆزرایەوە، لەناویاندا هێنری سێیەم و هێنری چوارەم، هەردوو پاشای فرەنسا لە کاتی کوژرانیاندا(!).

هەروەها لەوانەی بەمەکیاڤیللی سەرسامن ڕیشلیۆیە (١٥٨٥-١٦٤٢ز)، کە یەکێک بوو لە ناودارترین وەزیرەکانی فرەنسا و لە گەورە پیاوەکانێتی لە

---

٢٥. د. كمال مظهر احمد. مكيافيللي والمكيافيللية. منشورات دائرة الشؤون الثقافية والنشر. بغداد ١٩٨٤، ص ٧٦.

سەردەمی شا لویسی سێزدەیەمدا، فەلسەفەی ئەو لە فەرمانڕەواییدا پشتی بەسەروەریی پاشای پرووسیا فردریکی دووەم دەبەست (١٧١٢-١٧٨٦ز)، کە بەشەڕەکانی ناسرابوو بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، ئەوە بوو لەگەڵ فرەنسادا کەوتە شەڕەوە و بەسەریدا سەرکەوت، ئەو بەدامەزرێنەری ئەڵمانیای نوێ دادەنرێت، بەر لەوەی بچێتە سەر تەختی پاشایی، لەسەر خوو و نەریتی پاشا و میرەکانی ئەورووپا نامەی لەگەڵ هزرمەند و ڕووناکبیری فرەنسی ڤۆڵتێر (١٦٩٤-١٧٧٨)دا گۆڕییەوە، چونکە بۆ ئەوە دەکۆشان تا خۆیان لە بەرگێکدا نیشان بدەن لەگەڵ بەهاکانی (سەردەمی ڕێنیسانس)دا بێتەوە، بۆ سەلماندنی ڕاستێتی کتێبێکی دانا ناوی نا (ئەنتی مەکیاڤیللی)، تێیدا بە(بەرگریکەر لە تاوان)ی وەسف کردووە و وەکو "یەکێک لە لە سروشت بەدەرەکانی شەیتان)ی داناوە، هەروەها ڕایگەیاند کە مەکیاڤیللی ئامانجی دامەزراندنی (حکوومەتێکی ستەمکار)ی دەستدرێژیکەر، چاوچنۆک و هەڵگیرساندنی شەڕی نابەرابەرە.

وێڕای ئەوەی فردریکی گەورە لە هەڵسوکەوتیدا مەکیاڤیللیست بوو، ستەمکارییەکەی گەیشتە ڕادەیەک وای لێ کرد ئەوە ڕەت بکاتەوە وەزیر بۆ مەملەکەتەکەی دابنێت، تاکو مووچەکانیان نەبنە بار بەسەر دارایی دەوڵەتەوە، لە کاتێکدا سڵی لەوە نەدەکردەوە کۆشکی جوان جوان بنیات بنێت[٢٦].

ناپلیۆنیش هەردوو کتێبی (میر) و (دەمەتەقێکان)ی بەوردی خوێندوونەتەوە و لەناو باشترین ئەو کتێبانەی دانابوون، کە بۆ ئەو کتێبخانە گەڕۆکەی هەڵبژاردبوون، کە لە گەشتە خوێناوییەکانیدا بەسەرتاپای ئەورووپا و دەرەوەیدا (میسر و فەڵەستین) لەگەڵ خۆیدا دەیبرد.

ناپلیۆنی سێیەم (١٨٠٨-١٨٧٣)ی ئیمپراتۆری فرەنسایش، کە دوای

٢٦. هس ل٧٧.

شەڕی حەفتا لەگەڵ پرووسیا (ئەڵمانیا)دا تەختی ئیمپراتۆری لەدەست دا، لەساڵی ١٨٤٨ەوە لە سیاسەتەکانیدا لە بەڕێوەبردنی فرەنسادا پێڕەوی ڕێبازی مەکیاڤیللیی کرد.

هەرچی ئەدۆڵف هیتلەر (١٨٨٩-١٩٤٥)ی سەرکردەی ئەڵمانیای نازی بوو، لە کتێبەکەیدا (خەباتی من)، کە هاوتای ئینجیلی حزبەکەی (سۆشیالیستی نەتەوەیی) بوو ڕایگەیاند، هەموو شەوێک بەر لە نووستن کتێبی (میر)ی دەخوێندەوە.

ماکس لێرنەریش جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە لینین و ستالین و گەلێک لە سەرکردەکانی وڵاتی سۆڤیەت کاریگەریی هزری سیاسیی مەکیاڤیللی و کتێبەکەیان بەسەرەوە بووە[٢٧].

هەڵبەت حەماسی دامەزرێنەری حزبی فاشستی ئیتاڵی، دیکتاتۆری ناودار مۆسۆلینی (١٨٨٣-١٩٤٥) بۆ بیری مەکیاڤیللی پێویست بەبەڵگە هێنانەوە ناکات، ئەوە بوو تێزی دوکتۆراکەی لەبارەی ئەوەوە بوو، هەروەها ئاماژەی بەبیرۆکەکانی ئەو کردووە سەبارەت بەحوکمی تاک، تەنانەت وتوویەتی ئەم هزرانە وێڕای تێپەڕبوونی چوار سەدە بەسەریاندا هێشتا هەر زیندوون[٢٨].

باسی ئەوەش دەکرێت کە (باربێر) ساڵی ١٩٤٨ کتێبێکی سەبارەت بەو هزرانە داناوە و پێشکێشی ڤیکتۆر عەمانوئێلی سێیەم (١٨٦٩-١٩٤٨)ی پاشای ئیتاڵیای کردووە، لە پێشەکییەکەیدا وتوویەتی:

نیکۆلۆ مەکیاڤیللی نموونەی باڵای ئیتاڵیای نوێیە.

---

٢٧. د. مصطفى النشار. فلاسفة ايقظوا العالم. دار الثقافة والنشر والتوزيع. القاهرة ١٩٨٨. ص٢١٣ و (مطارحات) مكيافيللي. ص١٧.

٢٨. مطارحات والامير. طبعة دار الافاق الجديدة. ص٥.

نیكۆلۆ سلّی لەوە نەدەكردەوە بانگەشەی سەركوتكردن بەهەموو پلە و شێوازەكانییەوە بكات، كاتێك پێویستە و دەبێتە پاساو، كە هەردەم پاساوە و ئەركێكە لای پیاوانی دەوڵەت، ئەوانەی بەتەبیعەتی حاڵ و بەپێداگرییەوە دەبنە ستەمكار، بێ ئەوەی رایشی بگەیەنن.

میر لە بناخەدا ئارەزووی ئەوەی دەكرد ئەم سەركوتە ئاراستە بكات دژ بەوانەی رەنگە ببنە رِكابەری و دووریش نییە هەرەشە لە دەسەڵاتی بكەن، هەروەها حەزی دەكرد ئەم سەركوتە ببێتە ئامرازێك بۆ رێگەبرِین لە دڵرِەقیی زیاتر.

ئەی پیاوی ناوداری شۆرِشی فرەنسا (مارا) نەیگوتووە:

بۆ ئەوەی رووباری خوێن نەرِژێت لەسەرمانە چەند دڵۆپێكی لێ برِێژین، بێ دیاركردنی برِی دڵۆپەكان. بۆیە خۆی و شۆرِشگێرِە یاقووبییەكانی تر و رۆبسپێری سەركردەیان (١٧٥٨-١٧٩٤) سەرقاڵی روحكێشانی ئەوانی تر بوون، تاكو لە دواییدا وێرِای پێوەستبوونی گەلەكەی پێیەوە، نەخوازەڵا لە پاریس بەو چارەنووسە گەیشت كە سەدان كەسی بۆ رەوانە كرد، بە لەداردانی ئەوی ناویان نابوو (سەردەمی تیرۆر) كۆتایی هات.

رۆبسپێر و ئەوانی لەگەڵیدا بوون لە پێرِەوانی رێبازی ژان ژاك رۆسۆ،[٢٩]. وێرِای مەكیاڤێللیستییان لە پێرِەوانی رێبازی مەكیاڤێللی نەبوون، ئەی پێشتر نەمانگوت مەكیاڤێللیزم بەپێویستی زانی بۆ فەرمانرِەواییكردن و تینوویەتی بۆ كورسی و گرتنی بەهەر نرخێك بێت، بەر لەوەی مەكیاڤێللی بێتە كایەوە، یاخۆ فەرمانرِەوایان زانیارییان لەسەر رێبازەكەی هەبێت،

٢٩. احمد عصام الدین: الثورة الفرنسية. الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر. القاهرة ١٩٧١، ص٧٥، ٧٩، ٨٣.

مەکیاڤیللی دەربڕی ئەو پێویستییە بوو بەناوی پاراستنی ئاسایشی (کورسی-دەوڵەت)ەوە.

بەم شێوەیە مەکیاڤیللی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی میر بەبەزەییترە لەوانەی ڕێ دەدەن، ئاشووب دروست بێت، کە بەهۆیەوە خوێن دەڕژێت و کاری ترسێنەری دڵڕەقانە دەقەومێت.

بۆیە وا باشە ئەوپەڕی زەبروزەنگ دژ بەهەر دەنگێکی ناڕازی بەکار بهێنرێت. لەبەرئەوەی ئاشووب زیان بەگشت کۆمەڵ دەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەو لەداردانانەی میر ئەنجامیان دەدات تەنیا زیان بەچەند کەسێک دەگەیەنن.

مەکیاڤیللی سیاسییەکی مەعلان و یاریکەرێکی شارەزا بوو لە بوارەکەدا، بۆ بەردەوامیی دەسەڵات پێچ و پەنای پێویستی زۆری دەزانی، شارەزاییی زۆر و بەرفراوانی وای لێ کرد عەلمانییانە ڕەفتار لەگەڵ سیاسەتدا بکات، نەک ئاینیی یا ئاکاری.

ویستی بەشێوەیەکی ئەزموونگەری و شیکاری تەماشای مادەکەی بکات، ئەوەش فێربوو، کە سەرجەم بوونەوەرە مرۆییەکان بێ وەستان لە جووڵەیەکی هەتا هەتاییدا دەژین[٣٠].

وێدگێری دەڵێت: مەکیاڤیللی ڕووداوە سیاسییەکانی بەشێوەیەک چارەسەر دەکردن وەک ئەوەی دیاردەی سروشتی بن. وەکو مێژوونووسی دیاری ڕۆمانی پۆلیبیۆس (٢٠١-١٢٠پ.ز) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کاروبارە مرۆییەکان بەردەوام قۆناخێک لە سەرکەوتن و دابەزینیان تێدان،

---

٣٠. حازم ص٥٠ - ٥١. هەروەها بڕوانە: جیمس وستفال تومسون و اخرون: حضارة عصر النهضة. ت: عبدالرحمن زكي. دار النهضة العربية ومؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر. القاهرة، نيويورك ١٩٦١ ص٨٩.

هەروەها كۆشـشی بۆ ئەوە دەكـرد تا بزانـێت، دەسـەڵاتی سـیـاسـی چۆن دەتوانێت كۆڵەكەكانی توندوتۆڵ و درێژمـاوە بێت، بڕواشـی وابوو سـروشـتـی مرۆیی ئەوە دوای ئەوە هەروا دەمێنێتەوە.

هەروەها مەكیاڤیللی هەلپەرستیی سیاسی لەبان ڕەوشتەوە دانابوو[٣١].

٣١. ویدجیري، البان: المذاهب الكبرى في التاریخ. ت: ذوقان قرقوط. دار القلم. بیروت ١٩٧٩، ص١٨٠- ١٨١.

ئەم کابرایە بەر لە هەر شتێک بیرمەندێکی سیاسی بوو، وەلێ گرینگی بەمێژوو دەدا بەو ڕادەیەی بتوانێت بگەڕێتەوە سەری، بۆ بەرژەوەندیی بۆچوونەکانی و سەلماندنی ڕاستیی ئەوەی دەیڵێت:

چاوکراوەییەکی هەبوو لە ڕێگەی هۆکارە مێژووییە بەردەوامەکانەوە، کە گۆڕانکارییە سیاسییەکانیان دەجووڵاند، هیچ هزرمەندێک بەر لەو ئەوەی نەبوو.

توێژەرێکی ناسراو بە"مێژوونووسی مەزنی سەردەمی ڕێنیسانس"ی ناو دەبات[٣٢]. چەند مێژوونووسێکی ناوداری وەک ڕانکە و دۆمینیک لە ئەڵمانیا و لۆرد ئەکتۆن لە بەریتانیا، لەبارەیەوە دەڵێن:

"مەکیاڤیللی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی شیکردنەوەی مێژوویی نوێیە"[٣٣].

هەروەها ڕایەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە پێشخستن و لە قاڵبدانی لێکۆڵینەوە مێژوویی و تیۆرەکانیدا، هەروەها بڕوای بەحەتمییەتی ڕووداوە مێژووییەکان هەبوو، لەگەڵ بوونی ڕایەڵەی بەردەوام لە نێوان ئەو ڕووداوانەدا[٣٤].

---

٣٢. د. كمال مظهر. مكيافيللي. ص٧٩.

٣٣. كريستيان غاوس. مقدمة كتاب (الامير). ت: خيري حماد. منشورات دار الافاق الجديدة – بيروت. ط٢٤/٢٠٠٥، ص١٩.

٣٤. د. كمال مظهر. مكيافيللي. ص٩٣.

بگره مەکیاڤیللی لە مێژوونووسانی سەردەمی ڕێنیسانسی تێپەڕاند و کەوتە پێشیانەوە. ئەمەش پتر گرینگتر دەبێت لامان، ئەگەر زانیمان تەنیا بەو بەرهەمە دەوڵەمەندانەی وازی نەهێنا، بگره لە هەردوو کتێبی (میر) و (دەمەتەقێکان)دا کاتێک وەکو سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون دایناون، بەر لەوەی ببێتە مێژوونووس، مێژووی شار و وڵاتەکەی نووسیوەتەوە،[٣٥]. بەڵکو لەبەرئەوەی لە بواری مێژووی ڕاستەوخۆدا نووسی، کاتێک هەردوو کتێبی (مێژووی فلۆرەنسا) و (هونەری جەنگ)ی تەرخان کردن.

مەکیاڤیللی یەکەمین کەسە مێژووی بەزمانی ئیتاڵی نووسیبێتەوە، ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و خاڵی لە ئاڵۆزی، جگە لەوەی ئەفسانە و پڕوپووچی لە نووسینەکانیدا لابردوون، هەروەها خۆی بەدوور خستووە لە میتۆدی ساڵنامەکان Annals کە ئەو کات باو بوو، ئەویش نووسینەوەی ڕووداوەکان ساڵ دوای ساڵ و لەبری ئەمە ڕووی لەو گێڕانەوانە کرد، کە لەگەڵ قەناعەتەکانیدا دێنەوە، گرینگترینیان بەپێی ڕای خۆی ئەو گێڕانەوانەن، قەناعەت پێکراو نین، یا دوورن لە لۆجیکەوە، بایەخدانەکەشی تەنیا لە نووسینەوەی ڕووداوەکاندا قەتیس نەدەما، بگره لە هۆکار و ئەنجامەکانی دەگەڕا، هەروەها سەبارەت بەپشێویی سیاسەتی فلۆرەنسی شیکردنەوەی کرد بۆ ئەو ململانێیانەی لە نێوان میرنشینەکان و چینەکاندا لە ئارادا بوون.

لە لێکدانەوەیدا، یاخۆ فەلسەفەی بۆ مێژوو وای دەبینی، سروشتی مرۆیی ناگۆڕێت و ئەوی دەیەوێت پێشبینیی داهاتوو بکات، ئەوا دەتوانێت بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ڕووداوەکان هەموو کات لە یەکتر دەچن لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمەکانی ڕابردوودا[٣٦].

---

٣٥. هس ل٩٤.

٣٦. بڕوانە: د. احسان حلاق: مناهج الفكر والبحث العلمي. دار النهضة العربية. بيروت ١٩٩١، ص٣٠٢.

پێشتریش مێژوونووسی گەورەی گریک تۆکیدیدیس لە نێزیکەی ٤٠٠ ساڵ پ. ز ئەمەی گوتبوو، واتا پێش مەکیاڤیللی بەنێزیکەی دوو هەزار ساڵ، هەروەها گوتبووی: وا دەبینم وەک ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە.

هەروەها شەپەنگەلەر (١٨٨٠-١٩٦٣) هەمان شتی وێنا کردبوو، بەپێی ئەو ڕاگەیاندنەی ناوی نا میتۆدی هاوچاخبوون و بەرابەریی ژیارەکان لە میانەی هاوتەریبی، یاخۆ لێکچوونی فەلسەفی، بۆیە لەبەر ڕۆشناییی ئەمەدا دەتوانرێت ڕیتمی هەموو مێژوو و ڕەوت و مەغزاکەی بناسرێتەوە، پاشان دەتوانین سنووری ئێستا بۆ ئاسۆی دوارۆژ و پێشبینی ببڕین. بەوەی ڕوو دەدات پاش ئەوەی توانی دوای جێڕەوت (سیاق)ی گەشەسەندن و ئاقارەکەی بکەوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە میتۆدی هاوچەرخبوون وا لە فەلسەفەی مێژوو دەکات لەگەڵ زانستی سیاسەت و ئەوانی تریشدا ئاشت بێتەوە، وەکو چۆن لای مەکیاڤیللی ڕووی دا.

دەکرێت نێزیک بینەوە لە هزری بندیتۆ کرۆچە (١٨٦٦-١٩٥٢)ی فەیلەسووفی ئیتاڵی، کە وتوویەتی:

"هەموو مێژوو مێژوویەکی هاوچەرخە، ئێمە مێژوو دەخوێنین بەو پێیەی ئێستایە"[٣٧].

بنەچەی ئەم لێکچوونەش ئەوەیە، مێژوو پێک هاتووە لە بەرهەمی کۆششێلێک و بەرهەمی کاری سەرکردەیلێک (تا ئێستاش ماون و دەشمێنن) ئاوەز و بەرژەوەندی و سۆزیان دەیانجوولێنێت، لەبەر ئەمە هەڵچوون و کاردانەوەکانیان (بەپێی بۆچوونی مەکیاڤیللی) هەمان بەرەنجام پێک دەهێنن و دنیاش هەردەم هەر وەک خۆی دەبێت، بەچاکە و خراپەوە،

٣٧. د. زكريا ابراهيم: دراسات في الفلسفة المعاصرة (الجزء الاول). مكتبة مصر ١٩٦٨، ص ١٤٥.

ئەگەرچی ئەم چاکەیە و ئەو خراپەیەش دابەشکردنیان جیاوازن و لە نێوان نەتەوە و گرووپەکاندا بەجیاوازیی سەردەمەکان لێکتری جیاوازن[٣٨].

لە ڕاستیدا لە ڕۆژگاری مێژوونووسی ناوداری ڕۆمانی پۆلیپیۆس (٢٠٠-١٢٠پ. ز) نووسەرێکی مێژوو نییە بۆ ئەوە چووبێت، کە مەکیاڤیللی بۆی چووە لە کردنی مێژوو بە(مێژوویەکی سروشتی بۆ سیاسەت).

ئیدی بەم شێوەیە تیۆری ڕاستەقینەی مادی بۆ لێکدانەوەی مێژوو شوێنی ئەو تیۆرییەی گرتەوە، کە مێژووی لەبەر ڕۆشناییی هێزەکانی میتافیزیکای نێزیک لە پەرجووەوە، شی کردەوە، کە هیچ ڕێگەیەک نەماوە بۆ بڕواهێنان پێی[٣٩].

ف. ج. هێرنشۆ (نیوەی یەکەمی سەدەی بیست) دەڵێت:

دەبینین مەکیاڤیللی نوێنەرایەتی ئەوپەڕی دەکات لەوەی مێژوو لە سەردەمی ڕێنیسانسدا پێی گەیشتووە، لەمەشدا عەلمانیبوونی و ڕقلێبوونەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاست و بەهاکانی یارمەتییان دا، لەگەڵ ڕقلێبوونەوەی لە کڵێسا و هەڵوێستەکانی و قووڵبوونەوەی لە سیاسەتدا و دڵسۆزیی بۆ نیشتمانەکەی و توانابەرزی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، زۆرێک لە مێژوونووسان کتێبی میر بەبەرهەمێکی نەمر دادەنێن لەناو گرینگترین بەرهەمێلی هزر لە چاخی ڕێنیسانسدا، هەروەها جەخت لەسەر پێویستی لێتوێژینەوەی وەکو زانست دەکەنەوە، نەک وەکو پڕوپاگەندە، هەڵبەت بەدانراوە مێژووییەکانی تریشییەوە، کتێبی ناوبراوی تەرخان کرد بۆ سەرتاپای مێژووی سیاسیی ئیتاڵیا.

---

٣٨. أبوضيف: مصطفي: منهج البحث التاريخي. مطبعة النجاح الجديدة. دار البيضاء. المغرب ١٩٨٧، ص. ٩١

٣٩. هس ل ٩١.

بەپێی قووڵبوونەوەی لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوە سیاسییەکاندا و لە شێوازە دراماتیکییەکەی و هێزی زمانەکەی "بەیەکێک لە مەزنترین دەستکەوتەکانی لێکۆڵینەوە مێژووییە نوێیەکان دادەنرێت"[٤٠].

ڕایەکانی مەکیاڤیللی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە پێشخستنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و تیۆرەکانیدا، لە نووسینەکانیدا سنووری پراگماتیزمی بڕی و وا لە دەوڵەت و یاساکانی دەڕوانی، کە لە ئەزموون و شیکردنەوەوە هەڵقوولابێت، نەک لە لاهووت، یاخۆ بیردۆزی مافی خوایی لە فەرمانڕەواییدا...

گەیشتە ئەنجامێک بڵێت، ململانێی سیاسی بزوێنەری بنەڕەتیی مێژووە، گەلێک جاریش ئەو ململانێیە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، بەپێی ئەوەی مادامەکی ناکۆکیی بێ چارەسەر لە نێوان میللەت و توێژی موڵکداردا هەیە.

ئەو لە گشت کتێبەکانیدا ڕووی دەمی لە میر و دەسەڵاتداران و هاوەڵە هزرمەندەکانی دەکرد و بۆ ئەوانی دەنووسی نەک بۆ جەماوەر.

هەڵبەت ئەم لایەنە نەرێنییانە لە بایەخی مەکیاڤیللی کەم ناکەنەوە وەکو مێژوونووس و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بۆ وڵاتەکەی، بەتایبەت ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی هەڵسەنگێنرا لە چوارچێوەی کات و شوێنی خۆیدا، لەگەڵ پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی نەک ڕواڵەتییەکانی،[٤١].

تەنانەت ئەو زانستەی ئەو بناخەکەی دانا (واتا زانستی سیاسەت)، ئەوا لە ڕابردووەوە زیاتر سەرچاوە دەگرێت وەک لە ئێستا، ئەو نموونانەی توانای ئەوەی دەدەنێ ئەو یاسایەی ناوی ناوە یاسای بەردەوامی Continuity.

---

٤٠. د. كمال مظهر أحمد: النهضة. وزارة الثقافة والفنون. بغداد ١٩٧٩، ص١٢٤، لە فانبشتاینی گواستووەتەوە، بە ڕووسی.

٤١. هس ل ١٢٩.

کاتێک لاپەڕەی دانراوەکانی مێژوونووسی ڕۆمانی تیت لیف هەڵدەداتەوە، تاکە زانیاری لەسەر مێژووی ڕۆمانی بزانێت، لە ناویدا بەدوای یاسا نەمرەکاندا دەگەڕێت، ئەوانەی پێوەندن بەبەرزەفتکردنی خەڵکەوە.

هەرچی یاسای دوورخستنەوەیە، کە ئەو مەبەستێتی بڕوابوونی پێشوەختییەتی بەڕێکیی ڕەوتی سروشت. ئەم یاسایەش لە بناخەی دروستبوونی زانستی سروشت (فیزیا و کیمیا)دا هەیە. مەبەستیش لەمە ئەوەیە بڵێت:

بەردەوام هەموو مرۆڤەکان بەپێی هەمان ئەو یاسایانە دێنە دنیاوە، دەژین و زاوزێ دەکەن و دەمرن. واتا ئەوە سروشتی جێگیری مرۆڤە ئاقاری هزری مەکیاڤیللی سەبارەت بەمێژوو دەستنیشان دەکات. ئەوی بەراورد بکات لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا، بۆی دەردەکەوێت هەموو گەلان کاتی خۆی و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت حەزەکان دەیانجووڵێنن.

بەم شێوەیە دەبێت ئەو کەرەستانە بەکار بهێنرێن، کە ئەوانی بەر لە ئێمە بەکاریان هێناون، یاخۆ لە دۆخێکدا کە پشتیان پێ نەبەستوون، دەبێت وێنای کەرەستە تازەکانی تر بکرێن لە لێکچوونی ڕووداوەکانەوە[٤٢].

ڕەنگە لێرەدا هێنانەوەی قسەکەی شەپەنگەلەر سەبارەت بەشیکردنەوەکەی بۆ میتۆدی هاوچەرخبوون لە جێی خۆیدا بێت، کە لە لێکدانەوە بایۆلۆجییەکەیدا بۆ نەشونماکردن و بالأبوون و خراپبوون و کەوتنی ژیار لە کتێبی ناوبراویدا ئەمە بەقەناعەت و درێژدادڕییەوە شی دەکاتەوە[٤٣].

بەپراکتیککردنی میتۆدی لێکچوون (دوورخستنەوە لای مەکیاڤیللی)

---

٤٢. هورکهایمر، ص١٥.

٤٣. شبنکلر: تدهور الحضارة العربیة. ت: أحمد الشیباني. منشورات دار الحیاة بیروت ١٩٦٤، ج١، ص. ٢٢٩

"ئەگەر پراکتیککردنی دروست بێت"، دەتوانین هەنگاوە سستەکانی مێژوو بناسین، ئینجا دەتوانین ئەوەش بزانین ڕۆڵی داهاتووی ژیاری ئەوروپایی و جیهانی بەکوێ دەگات. مەکیاڤیللی وای دادەنێت ئەوانەی شێوازەکانی بەسەیر دادەنێن و نایانەوێت بڕوا بەتوانای دووبارەبوونەوە، یا لاساییکردنەوەی ڕابردوو بهێنن، بەگواستنەوەی بۆ داهاتوو، بەنەزان و بیرتەسکیان دادەنێت "وەک ئەوەی ئاسمان و خۆر و توخمەکان و مرۆڤ سیستەم و جووڵە و هێزی خۆیان دەگۆڕن و جیاوازن لەوەی لە کۆندا لەسەری بوون"[٤٤].

هەروەها وای دەبینی سەرجەم پێوەندییەکانی بوون لەسەر بنەوای کار وەستاون لە کۆتاییدا ناگەڕێنەوە سەر بنەچە هزرییەکەی، کە ئەنجامی پێویستییەکی ماددییە.

ڕەوشتیش لە نیازە هزرییە خۆڕسکەکانەوە نایەت، هەروەها بەهیچ شێوەیەک لەسەر هیچ غەریزەیەکی ڕەوشتی بنیات نانرێت، بەڵام بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانە.

هاوشێوە بەم لۆجیکە کارڵ مارکس (١٨١٨-١٨٧٣) دوای سەتان ساڵ وا دەڵێت، وای دەبینێ ژیانی ڕوحیی کۆمەڵگە زۆر بەتوندی پێوەندە بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی گەشەسەندن و پێکدادان و ململانێی کۆمەڵایەتییە، هەروەها لەگەڵ هەموو جۆرەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتییدا دێتەوە[٤٥].

مارکسییەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، هەستەکانی مرۆڤ و

---

٤٤. هورکهایمر، ص ١٥.

٤٥. كيللة وكوفالسون: المادية التاريخية. دراسة في نظرية المجتمع الماركسية. دار التقدم. موسكو. ص٢٧٩.

چەمکەکانی، کە لە ڕێگەیانەوە زانیاری بەدەست دێت، ڕەنگدانەوەی مادەن[٤٦].

ئیدی ئاستی هۆشیاریی لە بابەتی دروستبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا گەیشتە مەودایەکی بەرز، ڕەنگە لە یەکەمینەکان بووبێت دژیی دەوڵەمەندانی ئاشکرا کردبێت، یاخۆ چەوساندنەوەی ڕەنجدەرانی بێ دەرامەت، یان ڕای گەیاندووە کە (موڵکداری دزییە) ئەمەش بەر لە بۆچوونی سۆشیالیستە یۆتۆپییەکان و پاشان مارکسییەکان، پێشتریش ئەوانەی ئانارشیستیان پێ دەگوترا. مەکیاڤیللی دەڵێت، خودان سامانە بێ شومارەکان سامانی زۆریان دەستکەوت، هەروەها بەفێڵ و زۆرداریش دەسەڵاتی بەهێز، نەک بەکۆششی ڕاستەقینە، ئەوان دزییەکانیان، یا ئەوەی بەقۆڵبڕین و توندوتیژی دەستیان کەوت دادەپۆشن، بەشێوەیەکی شەریفانەش بان ئەمە دەدەن.

هەرچی ئەوانەن بوێریی بەکارهێنانی ئەم شێوازە ناڕەوایانە ناکەن و زۆر وریای خۆیان دەبن، ئەو کات ڕۆژانە لە کۆیلایەتی و هەژاریدا نوقوم دەبن. نۆکەرە وەفادارەکان هەر بەکۆیلەیی دەمێننەوە و بەردەوامیش باشەکان نەدارن[٤٧].

ئەم قسانە بۆچوونەکانی شانۆکاری گەورەی ئەڵمان، داهێنەری شانۆی مەلحەمی بەرتۆڵد برێخت (١٨٩٨-١٩٥٦)مان بیر دەخاتەوە، نەخوازە لە شانۆنامە بەناوبانگەکانیدا (ڕێسا و هەڵاواردن) و (ئۆپرای چوار قرووشەکە).

گەلێک لە فەیلەسووفانی مێژوو بەبیردۆزی (خولە مێژووییە یەک لە دوای یەکەکان) ئاشنا بوونە. بەرجەستەترینیان ئیبن خەلدوونی توونسییە

---

٤٦. هس. ل١٣، صبحي أحمد محمود. في فلسفة التاريخ. منشورات جامعة قاريونس. بنغزي، ليبيا، ١٩٨٩ ص ٢٣٩.

٤٧. هورکهایمر، ص٢٣.

(١٣٣٢–١٤٠٦) دانەری کتێبی (المقدمه) و جیۆڤانی پاتێستا ڤیکۆ (١٦٦٧–١٧٤٤) دانەری کتێبی زانستی نوێ،[٤٨]. پاشان شەپەنگەلەر و بیردۆزە بایۆلۆجییەکەی و یەک بەدوای یەک هاتنی چوار وەرزەکان بەسەر ژیارەکاندا، تەنانەت ئارنۆڵد تۆینبییش (١٨٨٩–١٩٧٥)، لەوە دەکات "ڕەنگە تەنیا ئیبن خەلدوونی لێ دەرچێت" لە گریکەوە بۆیان مابێتەوە، لە تۆکیدیدیسی ناوبراوەوە ئینجا لە ڕۆمانەوە کاتێک پۆلیپیۆس ئاشنا بوو پێی، دوای ئەوەی لە تیۆری (بەخت یاخۆ ڕێکەوت)[٤٩]. ژیوان بووەوە، مەکیاڤێللییش لەوانە بوو، نەخوازەلا زۆر سەرسام بوو بەپۆلیپیۆس، مەکیاڤیللی وایدەبینی بەهێزەکان (پاڵەوانانی مێژوو) سنوورێک بۆ ستەمی ئاژاوە دادەنێن و کۆڵەکەکانی سیستەمی ئەرستۆکراتی دادەمەزرێنن، کەچی ڕۆڵە و نەوەکان ئەوانیش بەڕۆڵی خۆیان دەستەپاچەن لە پاراستنی دەسەلات بۆ ماوەیەکی درێژ، لەبەرئەوەی ئەوانە لە هەموو ڕۆژگارەکاندا پەنا بۆ تالان و چاوچنۆکی و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان دەبەن، هەروەها توندوتیژی لەپێناو تێرکردنی ئارەزووەکانیاندا بەکار دەبەن. بەمەش لە حکوومەتی دەستەبژێرەوە دەگۆڕێن بۆ کەمایەتییەک لەبەردڵان نین.

---

٤٨. بڕوانە: ساطع الحصري: دراسات عن مقدمة أبن خلدون. ط٣، مكتبة خانجي. القاهرة. دار الكتاب العربي. بيروت ١٩٦٧، ص١٧٨.

هەروەها توێژینەوەیەکمان لە: (المجلة العربية للعلوم الانسانية) بەناونیشانی (نظرية الدورات المتعاقبة) جامعه الكويت. المجلد ٥/ العدد ١٩، ١٩٨٥، ص ١٢٨.

توێژەر کامەران محەمەد قادر پلەی ماستەری لەسەر (ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو) وەرگرت، لە بەشی مێژوو – کۆلێجی زانستە مرۆییەکان. زانکۆی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٦.

٤٩. د. عبداللطيف أحمد علي: مصادر التاريخ الروماني. دار النهضة العربية للطباعة والنشر – بيروت ١٩٧٠، ص٥٨.

پاشان ئەم حکوومەتە دەڕووخێت، تاکو حوکمی دیموکراسی دابمەزرێت، لەم قۆناخەشدا زوو بەزوو حکوومەت بەلای دۆخی بەرەڵایی و ترازاندا دێت و دەکەوێتە داوی ئاژاوەوە. ئا لەو کاتەدا ڕزگاری بۆ گەل نانووسرێت، تەنیا لە ڕێگەی کەسی دووربین، دیکتاتۆر، پاشاوە نەبێت، ئیدی هەمان شت سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە.

مەکیاڤیللیش هزرەکانی پۆلیپیۆسی وەرگرت، وەکو پێشتر باسمان کرد. پاشان ڤیکۆ (پێشتر ناومان هێنا) هزرەکانی مەکیاڤیللیی وەرگرت، هەرسێکیشیان ئیتاڵین.

ڕەنگە بەهەڵاوێردەیی بابەتی سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت، ڤیکۆ وای دەبینێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەقۆناخی ئاینی دەست پێ دەکات، لە کاتێکدا مەکیاڤیللی ئەم ڕێزلێنانەی بەئاین نەبەخشیوە.

بەم ئاوایە ئەوی مرۆییە دوابەدوای یەک لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لە چاکەوە بۆ خراپە دەگوازرێتەوە، یاخۆ بەپێچەوانەوە بەخشندەیی Virtu ئاسوودەیی بەرهەم دەهێنێت، ئاسوودەییش بۆشایی و بێکاری دێنێتە ئاراوە، ئەمانەش پشێوی دەخەنەوە، کە دەیگەیەنێتە ماڵوێرانی، پاشان سەرلەنوێ سیستەمەکە لە منداڵدانی وێرانییەوە لەدایک دەبێتەوە، سیستەمەکەش Virtu بەرهەم دەهێنێت، لەمەشەوە شکۆیی و خۆشبژێوی دێنە ئاراوە.

چەندێک شێوەکانی فەرمانڕەوایی باشتر بێت، ئەوا ڕێ لەوە ناگرێت ڕۆژێک نەمێنێت، لەبەرئەوەی هەر شێوەیەک لە هەناویدا تۆوی مەرگی خۆی هەڵگرتووە[٥٠].

---

٥٠. هورکهایمر. ص١٧.

## کورتەی ڕایەکانی مەکیاڤیللی لە سیاسەت و ڕەوشتدا

ئەوی لە سەرجەم بۆچوونەکانی مەکیاڤیللی سەبارەت بەسیاسەت (فەلسەفەی فەرمانڕەواییی میر)، یاخۆ بەهاکان (ڕەوشت و ئاین) تێ بگات، دەبینێت:

١- خەڵکەکە تۆڵەی خۆیان لە ستەمکارەکانیان دەسەننەوە، ئەگەر ئەو زیانانەی لە ستەمەوە بەریان کەوتبێت کەمیش بێت (!). بەڵام دەستەوەستان دەبن لە تۆڵەسەندنەوە بۆ خۆیان کاتێک ستەمێکی گەورەتر و توندتریان بەرکەوت، باشترین شێواز بۆ فەرمانڕەوا ئەوەیە زۆرترین ستەم و لەناودان بکات، وا لە گەڵ بکات توانای تۆڵەسەندنەوەی نەبێت (!).

٢- ئەگەر داگیرکەرێک وڵاتێکی سەربەخۆی گرت، ئەو کات یا بەتەواوی وێرانی دەکات، یانیش تێیدا دەژێت و باجی بەسەردا دەسەپێنێت و بۆ خەڵک و وڵاتەکە ئازادیی سیاسییان بۆ جێ دەهێڵێت، ڕەنگە ئەم شێوازەی دوایی دەست بدات، ئەگەر داگیرکەرەکە توانی خەڵکی وڵاتەکە قایل بکات، کە داگیرکردنی وڵاتەکەیان بۆ پاراستنیانە لە داگیرکەرێکی تر، لێ باشترین ڕێگە تەواو وێرانکردنی شارەکە و لەناودانی سەرلەبەری خێزانی فەرمانڕەوایە (!).

٣- شەڕ مەبەستی بنەڕەتیی فەرمانڕەوا و تاقە پیشەیەتی، لەبەرئەوەی سامانەکەی دەپارێزێت و لە پلەی دەوروبەرەکەی بەرز دەکاتەوە. ئەو فەرمانڕەوایەشی بیر لە خۆشگوزەرانیی میللەتەکەی دەکاتەوە پتر لە بیرکردنەوەی لە شەڕ، سامانەکەی لەدەست دەدات. ئەویشی لە شەڕ

دەترسێت خەڵکی ڕقیان لێی دەبێتەوە، بۆیە چەکدار و بێ چەک وەک یەک نابن، تەنانەت ئەگەر پێغەمبەرەکانیش بێ چەک بن ئەوا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، مەکیاڤیللی کاتێک لە سەردەمی گەنجییدا لەداردانی ڕەبەنێکی بینی (ساڤۆنا ڕۆلا)، دوای ئەوەی بەسامانەکەی دەسەڵاتێکی گەورەی لە فلۆرەنسادا هەبوو، ئەمەی گوت.

هەروەها ئەوانی ناجەنگن وەک ئەوانە نین کە دەجەنگن و هەرگیز چەکدارێک سەر بۆ بێ چەکێک دانانەوێنێت، وەک چۆن بێ چەک لە نێوان میللەتێکی چەکداردا ناژێت، هەموو کات کەسی چەکدار گەورەی هەڵوێستەکەیە، کەچی بێ چەک کەسێکی تۆقیو و زەندەقچووە.

٤- لەسەر میرە کاتێک باسی دڵڕەقی دەکات، نەترسێ و گوێی پێ نەدات، دڵڕەقییەکەی بەبەزەییانەترە لەو میرانەی نەرم و نیانن بەو ڕادەیەی پشێوی بۆ ولات لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەرچی دڵڕەقییە تەنیا بەر تاکەکان دەکەوێت، خۆ ئەگەر بواری ئەوە نەبوو سەرپشکی بکرێت لە نێوان ئەوەی میر لەبەردڵان بێت پتر لەوەی تۆقێنەر بێت. یاخۆ تۆقێنەر بێت پتر لەوەی خۆشەویست بێت، هەڵبەت سیفەتی دووەم باشترە.

میللەتان بەخدێی خۆیان ڕێز لە بەهێز دەگرن پتر لەوەی جوانییەکانی کارچاکێک ناو بێنن. پاراستنی دەسەڵات کە ئامانجی میرە، بۆ دڵڕەقی دەگەڕێتەوە، واتا پێویستە برێکی زیاتر لە دڵڕەقی هەبێت، تەنانەت ئەگەر بەئامانجی خۆیشی گەیشت، ئەوا میر بەبرێکی دیاریکراو و پەی دەر پەی بۆ خەڵکەکە باش بوو و بەردەوامیش میللەتان ئامادەن خراپەکارییەکان لە بیر بکەن، دوای ئەوەی کاری خۆیان کرد.

٥- شەڕ و سیاسەت دووانەن، ئەوی بیەوێت شەڕ بەرپا بکات ئەوا لەسەریەتی سیاسەت بکات. لەسەر میرە لە هەمان کاتدا هەم شێر بێ و هەمیش ڕێوی، شێر بەو تەڵانە نازانێت بۆی دەنرێنەوە، کەچی ڕێوی پێی

دەزانێت، ڕێوییش بەرگەی گەلەگورگ ناگرێت، بۆیە لەسەر میرە ڕێوی بێت، تاکو خۆی لە تەڵەکان بپارێزێت، هەروەها دەبێت شێریش بێت، تاکو گورگەل بترسێنێت (واتا دەبێت میر یاسای دارستان پێڕەو بکات!).

٦- هەڵەیە میر پەیمان و بەڵێنەکانی ئەگەر دژ بەبەرژەوەندییەکانی بن بباتە سەر، میری ژیر و بەسەلیقە دەبێت توانای ئەوەی هەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی بەڵێنەکانی پەنا بۆ فێڵ ببات، زۆرێک لە میرەکان لەمەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. گرینگ ئەوەیە ئەوی دەیکات دژ بەوە بێت کە نیشانی دەدات، ئیدی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیدا باسی چاکەکانی دەکەن (!) بێ ئەوەی ئەو سیفەتانەی هەڵگرتبێت، خەڵکیش سادە و ساکارن ڕووکەش هەڵیان دەخەڵەتێنێت، هەروەها لەسەر میرە بەئاسانی بگۆڕێت، فێڵباز بێت، ئەمەش بەپێی پێویستیی ڕەوشەکە.

ئەرکی سەرەکیی ئەو پاراستنی فەرمانڕەواییە، ئیدی چی شێواز هەیە بۆ گەیشتن بەوە ڕەوا و ڕێ پێدراوە.

بۆ نموونە، خراپ نییە میر پیاوەکانی بۆ ئەنجامدانی ئەو ئامانجانەی بەڕەوایان دەزانێت بەکار بهێنێت. پاشان ئەگەر پێویستی کرد نەفرەتیان لێ بکات و لە کارەکانیان دەریان بکات، واتا دەیانکاتە قۆچی قوربانی، کاتێک تووڕەیی خەڵک دەگاتە ئەوپەڕی.

سیزار دی بۆرجیای میری زۆرزان، وەزیرێکی خۆی بۆ تۆقاندن و دڵڕەقیی خەڵک بەکار هێنا، پاشان کوشتی، تاکو مۆژدەی کوشتنی لە پێناو دادپەروەری و گەلدا بەخەڵکەکە ڕابگەیەنێت[٥١]. واتا لەسەر میرە زەلام و هاوڕێ و پاسەوانەکانی بکوژێت، ئەوانەی فەرمانی پێ دان ئازاری خەڵکی بدەن، پاشان وا خۆی دەربخات پاسەوانی گەل و جێبەجێکەری

٥١. صبحي. ص ٩٨.

دادپـەروەرییـــە، دوای ئـەوەی خـــوێنـی هـاوڕێکانی ڕژاند فـــرمـــێـــسکی تیمساحانەیان بۆ دەڕێژێت، پاشان بەو کاغەزی کلینیکسانەی پێشتر بۆی دانراون فرمێسکەکانی دەسڕێت... چ قێزەونییەکە.

٧- ئاین لە گشت سـەردەمـەکـاندا بۆ پارێزگاری لە ملکەچکردنی چینی چەوسـاوە بەکار هێنراوە، ئەگـەر لەم گـۆشـەنیگایەوە بەراورد بکەین، بەگاڵتەوە، لە نێوان ئاینی کرستیان و ئاینی بتپەرستان، هەینێ تێبینیی قەڵاچۆکردنی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان بکەین وەکو شێوازێکی تری گونجاو لە ڕەوشـێکی دیاریکراودا، بـەکورتی کـاتێک پیـرۆزترین شت بەتەواوی وەکو ناشرینترین تاوان نیشان دەدات، لە هەموو سەردەمەکاندا ئامراز هەبوون بەدەست فـەرمـانڕەوایانەوە، ئیدی بەمە ڕێبـازێکی فـەلسـەفـیی مەزنی ماناداری داڕشتووە[٥٢].

ئەو شـێـوازانەی مـەکـیـاڤـیللی ناوی هێناون و تاکو ئێـسـتـا بەغـەریزە بەکاربراون، داوا لە دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی و فەرمانڕەوایانی داهاتوو دەکات بەشێوەیەکی هۆشیارانە بەکاریان بهێنن، مەبەستی لە شێوازەکانی خـۆمـەڵاسـدان و نـهـێنی و خـستنە داوی ئەوانی ترە، لەبەرئەوەی لە توانای دەســەڵاتداردا نـیـیـە ئاین وەکـو شـێـوازێکی سـیـاسی بەکـار ببـات بۆ کۆنتـرۆڵکردن بەشـێـوەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە، بۆیە دەبێت وا لـە خـەڵک بگەیەنرێت ئاین بۆ مەبەستە تاکەکەسییەکانی بەکار ناهێنێت، بەڵکو لەوانی تری دەپارێزێت، یاخـــۆ هـەوڵ دەدات ئـەوانی تر قـــایل بکات بێنە ئاینە ڕاستەکەی ئەوەوە.

هـەروەها لەسەر میرە چی بوێت بیکات، بێ ئەوەی حـەقیقەتی ئەوە ئاشکرا بکات کە دەیەوێت، مەکیاڤیللی مۆچیاری میرەکەی دەکات، ڕایگەیەنێت ئەوی دەیڵێت تایبەتە بەسەردەمێکی بەسـەرچووەوە، ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە لەم

٥٢. هورکهایمر. ص ٢٠.

کاتەدا ڕوو بدات.

٨- مەکیاڤیللی ڕایدەگەیەنێت: خەڵکی بەنابەدڵییەوە نەبێت کاری چاک ناکەن (واتا، خەڵک ناچار نین چاکە بکەن، مەگەر بەزۆر بێت)، هەر هێندەی ئازادیی هەڵبژاردن بەدەست دەهێنن لە نێوان کاری باش و کاری خراپدا، یەکسەر خراپەکە بەکار دەهێنن و ئاژاوە و پشێوی دەچێنن و لە هەموو شوێن و کاتێکدا کاری کوشتن و تاڵانکاری ئەنجام دەدەن.

ئەم ڕایانە و زۆری تریش، بێگومان بەر هەستەکانمان دەکەون، بەبۆنەی نەویستنی بەها مرۆیی و بەهای سەرجەم ئاینەکان. ڕاستییش مەکیاڤیللی هیچی نەکرد ئەوە نەبێت ئەوەی کورت کردەوە، کە لە میرنشینە ئیتاڵییەکان و دەوڵەت و دەوڵەتۆچکەکانی ئەوروپادا ڕوویان دا، وەلێ گرینگیی ئەم ڕایانە لە ڕەنگدانەوەیان لەسەر بیرکردنەوەی مێژوونووساندا خۆی حەشار داوە، لەبەرئەوەی وای لێ هاتووە هەندێکیان مەکیاڤیللیزم لە مێژوودا لەخۆ دەگرن، کە لەم دیاردانەدا خۆیان دەنوێنن:

یەکەم: ئامانج پاکانە بۆ شێواز دەکات: ئینجا لۆجیکی دەوڵەت دەخوازێت بەهەر نرخێک بێت پارێزگاریی لێ بکات، هەموو شێوازەکانیش ڕەوان. فەرمانڕەوا دەوڵەتێک لە یاسا و سیستەم دادەمەزرێنێت، بەڵام بەشێوازی نایاسایی. لە پێناوی مسۆگەرکردنی پارێزگاری لە دەسەڵات ناچار دەبێت بێبەزەییانە ڕەفتار بکات و لە مرۆڤایەتیی داماڵێت، بگرە ڕێنوێنییەکانی ئاینیش بنێژێت، گشت شتێک بەپێی ڕەوشتی دەوڵەت ڕەوایە، لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی دەسەڵات، یاخۆ پاراستنی ئامانجە.

دووەم: ناتوانرێت دەست بەسەر شاوەتی دەسەڵاتدا بگیرێت و کورسیی دەسەڵات داگیر بکرێت، ڕەگی حەزی فەرمانڕەوایی لە هەر شوێن و کاتێکدا لە ناخی هەموو کەسێکدایە.

سـێیـەم: لێک دوورکـەوتنەوە لە نێـوان ڕەوشت و سـیاسـەتدا بەردەوامـە، لەبەرئـەوەی فـەیلەسـووفـانی ڕەوشـت لە جـیـهـانی خـەوندا دەفـڕن، کـەچی سـیاسـەت پشت بەهێزەکـانی واقیع و ڕاسـتـییە بەرچاوەکـانی سـەر زەوی دەبەستێت.

ناودارتـرین مـێـژوونـووسی هـاوچەرخی ئـەڵمــان (فـردریک مــاینکە) لە کتێبـەکەیدا (مەکیاڤیللیزم لە سیاسـەت و مـێژوودا (Machiavellism, in Politics and History) گوزارشتی لە ڕای خۆی کرد، کاتێک گوتی:

هێـز لای دەوڵەت وەکو خـۆراکە بۆ مـرۆڤ. گاڵتـەیشی بەوانەدا دەهات، کـە دەیانویست کەسـەکانی مێژوو بەپێی بەهای ڕەوشتی هـەڵسـەنگێنن.

پاشـان دەڵێت: من بەردەوام لەگـەڵ نیشـتـمـانەکەی خـۆمـدام، جا ئـەگـەر لەسـەر ڕاستی بێت، یاخۆ هەڵە[53].

هـەڵبەت مـەکیاڤیللی بەتەنیـا بەرپرس نییە لە ڕەوتی ناڕەوشـتیی دەوڵەت لە دوای مەکیاڤیللی، ئەوی پەرەی بەو ڕەوتە دا ژمارەیەک فـەیلەسووفی ئـەڵمان بوون، لە سەرووی هەموویانەوە هیگڵ Hegel (لە ١٨٣٠دا مرد)، کە ڕەوشتی لە ئاین جیا کردەوە، کەواتە بواری هـەڵسەنگاندنی ڕەوشتی لە مێژوودا نییە، لەبـەرئەوەی ڕەوشت ڕێژەییـیــە و گــوزارشـت لە خــودێتی دەکــات، کــەچی لۆجیکی مـێژوو لە یـەکەتیدا لە نێوان خـودێتی (وەکـو چۆن ئایدیۆلۆجـیـای نەتەوە گوزارشـتی لێ دەکات) و لە نێوان بابەتیدا خۆی حـەشـار داوە، وەک چۆن لە دەوڵـەتدا بەرجـەسـتـە دەبێت، ئـەمـەش لە پێنـاو ئەوەی نەتەوە بگاتە قـۆناخـێک، بگاتە پێشی پێشـەوە لە شـانۆی ڕووداوە مـێـژووییـیـەکـاندا، وەک چۆن فـەیلەسووفـی مەزنی بەریتـانی برتراند ڕەسل لە کـتێبـەکەیدا (مـێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا)دا وا دەڵێت[54].

---

٥٣. صبحی. ص٩٩.

٥٤. هس. ل ١٠٠.

ئەگەر هیگڵ لە ڕەوشـتی دەوڵەتدا پاساوەکانی لە فەلسەفەی مێژوودا بینیبێتەوە، ئەوا نیتشە بوو ئەو پەردە ناسکەی بەها ڕەوشتییەکانی دڕاند، کە هێشتا پاڵەوانانی مێژوو خۆیان لەودیویەوە شاردبووەوە، هەرچەندە نیتچە لە فەلسەفەکەیدا مەبەستی تاک بوو نەک دەوڵەت، ئەوا مرۆڤی باڵا، وەکو وێنەکەی کێشابوو دەبێت پاڵ بداتە لۆجیکی هێزەوە، بەو مانایەی "بەزەبری هێز نەبێت هیچ شتێک لە ژیاندا بەهای نییە".

بەوپەڕی ڕاشکاوی و بوێرییەوە ناڕەزاییی خۆی لە بەرابەر ئەوەی ناوی نابوو ڕەوشتی کۆیلەکان ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی ئامانجی دەسەڵات گرتنەدەستی ئەو مرۆڤە سووک و بێ نرخانە بوو، کە هیچ مەبەستێکیان لەوەدا نییە تەنیا ملدادانی گەورەکان نەبێت لەوەی ڕایدەگەیەنن لە پرەنسیپەکانی بەزەیی، چاکە، یەکسانی و ئازادی، ئەمانەش جگە لە درۆێلێکی گەورە بەڕووی سروشتی شتەکاندا نەبێت هیچی تر نین، کە سەروەریی بەهێز دەخوازێت[55].

ئەمەو هێندەی ڕاستگۆیی نیتچە و بوێرییەکەی لە تێکدانی بەها ڕەوشتییە باوەکاندا، هەروەها بوێریش بوو لە گوزارشتکردن لە دەوڵەت، کە دەگاتە ئەم دۆخە لە وێرانکردن و گوێنەدان بەکڵۆڵیی خەڵکەکە و گاڵتە پێدا هاتن بەڕەوشتیان و شکۆ ڕاگرتنی شەڕ و بەپیرۆز ڕاگرتنی پاڵەوان، کە لە ڕەوشت داماڵراوە، ئەوا کارەساتێکی گەورە خۆی بۆ ڕوودان ئامادە کردووە و من هۆکارەکەیم و ناوم پێوەی دەلکێت، چون نیتشە (بەو لووتبەرزییەی پێی دەناسرێتەوە، وا دەڵێت) پێشتر لەسەر ڕووی زەوی هاوتای نەبووە[56].

---

٥٥. هەمان لاپەڕە.

٥٦. د. عبدالرحمن بدوی: نیتشە. ط٣/ ١٩٥٦، ص١٦٤، لە(صبحی)یەوە. ل ١٠١.

## ڕەگەکانی مەکیاڤێللیزم و بەرهەمە تاڵەکانی

"پشێوی زیان بەسەرجەم کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەو لەداردانانەی میر جێبەجێیان دەکات تەنیا زیان بەکەمینە دەگەیەنن"!

مەکیاڤیللی

مەکیاڤیللی دەڵێ: شێوازی بیرکردنەوە و میتۆدە پێشەنگەکەی لە دۆزینەوەی هاوچاخ و هاوولاتییە ئیتاڵیاییەکەی (کریستۆڤەر کۆڵۆمبس ١٤٥١-١٥٠٦ز) دەکات، کاتێک ئەمەریکای دۆزییەوە، هەروەها بۆ ئەو قسەیەی، کە هیچ یەکێک لە باوباپیرانی پێشتر ئەم ڕێگەیەیان نەگرتووەتە بەر، ئاخۆ کابرا پێشەنگ بووە لە بیرکردنەوە و کەسی تریش پێشی نەکەوتووە؟[٥٧]

بەپێی ئەو زانیارییە کەمەی هەمانە، وای دەبینین کە نزیکبوونەوەیەک لە نێوان هزری سیاسیی ئیتاڵیایی و لە نێوان ئەوەی لە کولتووری گریکیدا هاتووە، هەیە. لەو وتەیەی بەدەستهێنانی سەرکەوتن، ئیتر لە پلە و پایەدا بێت، یاخۆ دەوڵەمەندی و شکۆمەندی، ئەوەیە کە مرۆڤ لە ژیاندا خۆی لێ دەپارێزێت، ئەمە بوو کە سۆفیستەکان Sophist خستیانە ڕوو، ئەوەش مانای مامۆستای لێزان و پیشەگەری دەستڕەنگین دەگەیەنێت.[٥٨]

وەلێ ئەوی گرینگە ئەوەیە بەهەر شێوەیەک بێت تاک بەمرازی خۆی بگات.

٥٧. لیسلی ووکر. مقدمة (مطارحات). ص ١٠١.

٥٨. د. عرفان عبدالحمید. المدخل الى معاني الفلسفة. دار الشؤون الثقافية العامة. بغداد ١٩٨٦، ص ٤٩.

ئیدی ئەو زانیارییانەی پێی گەیشتبوون بەچەندین شێواز بڵاویان کردنەوە، وەکو گوتاربێژیی ڕەوان، ئەوان لە هەڵوێستیاندا پراکتیکی بوون، هەر لە شوێنی خۆیانەوە بۆ دۆزینەوەی هاوولاتیی چاک و سەرکەوتوو ڕۆڵی ڕێنوێنیکەریان بینی.

پرۆتاگراس Protagras بنەما و ڕێساکانی سەرکەوتنی لە ژیاندا فێر دەکردن، گۆرگیاسیش ڕەوانبێژی و سیاسەتی دەدایەوە، پرۆدیکۆس Pro-dicusیش تایبەتمەند بوو بەفێرکردنی زمان و ڕێزمانەکەیەوە، هیپاس Hip-piasیش بۆ وتنەوەی وانەکانی مێژوو و سروشتزانی و وەرزش، بڕوای وابوو هیچ ڕێگەیەک بۆ زانینی هەموو زانست نییە، ئەمەش لەبەر کورتیی ژیان و نارِوونیی بابەتەکان و هەڵخەڵەتاندنی هەستەکان.

سۆفیستەکان گاڵتەیان بەچەمکی دادپەروەری دەهات، لەبەرئەوەی لە داهێنانی لاوازەکانە، تاکو بەهێزەکان ملکەچ بکەن و بەرهەمی هێزی سروشتییان لێ بسەنن.

یاسای هێز (یاسای میر) تاقە یاسایە سروشت دانی پێدا بنێت. سۆفیستەکان یەکەمین بوون لەوانەی بانگەشەیان بۆ ئەو ڕێبازە کرد، کە ستەمکاران و پیاوەکانی بانگەشەیان بۆ دەکرد، وەک:

ماف لەگەڵ هێزدایە، هێزیش لەگەڵ مافە، بۆچوونەکانیان لە چەندین لایەنەوە لە بۆچوونەکانی مەکیاڤیللییان دەکرد، وەک ڕەخنەیان لە بەهاکان و ئاکاری باو و داوونەریت گرت و ڕەتیان کردنەوە، بێزاریی خۆشیان لە هەر پێوەندێک لەلایەن ئەو بەهایانەوە ڕاگەیاند، بەو پێیەی سیفەتی نەخوازراون.[٥٩]

پێوەریان بۆ چاکە شارەزایی بوو لە پیشەیەک و سەرکەوتن تێیدا،

٥٩. وولتر ستیس. تاریخ الفلسفه الیونانیه. ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد. دار الثقافه للنشر والتوزیع. القاهره ١٩٨٤، ص ٩٨.

نەخاسمە لە سیاسەتدا کە لای ئەوان سەرنج ڕاکێشتر بوو، لە شێوەی مەکیاڤیللی، لەبەر ئەمە قورساییان خستە سەر گوتاربێژی، تێیدا مامۆستای یەکەم بوون.

چونکە ڕاستی لای ئەوان ڕێژەیی بوو (ئەوان وەکو پارێزەرانن گوێ بەهەقیقەتی مەسەلەکە نادەن)، کە تەرخان کراون بۆ بەرگریکردن لێی و توانای بەهانە هێنانەوەی زۆریان هەیە، تاکو وا نیشان بدەن خراپترین باشترینە، بەڵگەهێنانەوەش بۆ ئەوەی کە ڕەش سپییە.[٦٠]

ئەم بیرۆکانە بەپەیژەی زەمەندا لە هەمان شوێندا هاتنە خوارێ، لەگەڵ جیاوازی لە دەربریندا، ئەوەبوو مەکیاڤیللی لەبەر ڕۆشنایی ڕەوشی سەردەمە سیاسییەکەی لە وڵاتە بەش بەشبووەکەیدا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا ناوەڕۆکەکانیانی زیندوو کردنەوە و ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ڕەوتەکە دوای سەدان ساڵ بەسەر هزری فەیلەسووفی ئەمەریکایی ولیەم جەیمس (١٨٤٢-١٩١٠)ی دامەزرێنەری ڕێبازی پراگماتیزم، کە دەڵێت: ڕاستیی پەتی هیچ نرخێکی نییە، ئەگەر کاریگەریی لەسەر واقیع نەبێت. هەروەها بیرۆکەکە هێلانەی لە هزری ئەڵمانیاییدا کرد و ڕەوتەکە لای فەیلەسووفی ناودار (فردریک نیتشە F. Nitche 1844-1900)ی خودان کتێبی (زەردەشت وایگوت)دا بەدەرکەوت.

ڕاستییەکەی فەیلەسووف و هزرمەندە پراگماتییەکان[٦١] لە جۆن لۆکەوە John Lock (١٦٣٢-١٧٠٤) هیچیان نەکردووە، ئەوەندە نەبێت ڕێبازی هەستییان لای سۆفیستەکانی پرۆتارکۆس و هاوەڵانی ژیاندەوە[٦٢].

---

٦٠. هس. ل١٠٠- ١٠١.

٦١. بۆ زانیاریی پتر لەسەر فەلسەفەی پراگماتی، بڕوانە: د. زکریا أبراهیم. ص٢٦- ٦٠.

٦٢. د. مصطفی النشار. ص٧١.

هەرچی بەهاکانیشن، ئەوا مەکیاڤیللی زۆر لە سۆفیستەکان دوور ناکەوێتەوە، کاتێک ڕایان گەیاند:

ڕەوشت شتێکی ڕێژەیی و کێشەیەکی بەهەند وەرگیراوە، هەروەها داوونەریتی وەزعی (وضعية)، بەگشتی ڕەنگدانەوەی هەستە خۆیی و ویژدانە تاکەکەسییەکانە، پاشان لە گۆڕان و وەرچەرخانێکی بەردەوامدایە و وەستانی نییە.. ئەمەش مژدەی ڕووخانی ڕەوشت و چەقبەستن لە بازنەی نەهلیزمی (هیچگەرایی) پەتیدا ڕادەگەیەنێت.[٦٣]

هەموو ئەوانەی باسمان کردن، خەریکە فەلسەفەی پراگماتیزم لە ڕێنوێنییەکانی سۆفیستەکان بکات، بەهەڵەدا ناچین گەر بڵێین ئەوە سۆفیزمی چاخی نوێیە.[٦٤]

سۆفیزم بەپێشەنگی فەلسەفەی زانستیی هاوچەرخ لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا دێتە ئەژمار. ئەمەش وای لە یەکێک لە هەرە دیارترین دامەزرێنەرانی پراگماتیزم کرد، ئەویش فردریک شیلەرە خۆی بە "قوتابیی دڵسۆزی پرۆتاکۆراسی سۆفیست" وەسف بکات.[٦٥]

لێرە و لەوێ دەبینین نزیکبوونەوەیەکی هزری لە نێوان مەکیاڤیللی و ئیبن خەلدوونی توونسی (١٣٣٢-١٤٠٦)دا هەیە، ڕەنگە لە ڕێگەی تەلەپاسییەوە بێت، یەکەمیان قسەی لەوانەی ئیبن خەلدوون کرد، کاتێک بەر لەو ئیبن خەلدوون بە نزیکەی سەدە و چارەکێک ڕای گەیاندووە.

ئەو پێویستیی پشتبەستنی میر بەسەر کۆمەڵەکەیدا، وێڕای جیاوازیی بۆچوون و زاراوەکانیان، هەردووکیان وای دەبینن لە هێزدا نهێنیی وڵاتان و

---

٦٣. د. عرفان. ص ٥٤.

٦٤. بڕوانە پەراوێزی (١) لە کتێبی ابن حزم الاندلسي. الفصل في الملل والأهواء والنحل. دار الجيل. بيروت (د.ت) ج١ ص ٤٣.

٦٥. د. عرفان. ص ٥٥.

پارێزگـاریکردن لێـیـان خـۆی حـەشـار داوە، هەروەهـا وای دەبینی خـۆ خـەریککردن بـەڕابواردن و خـۆشـبـژێوی دەبنە شـیـمـانـەی هەرەسـهێنانی دەوڵەت، دوای ئـەوەی لاواز دەبێت. ئەمـەش وای لە مـەکـیـاڤـیللی کـرد، بەردەوامـیی مـیرەکـان لەسـەر سـیـاسـەتی چەکـدارکـردن و یارمـەتیـدانی هێـزەکـانی سـوپا بەهەمـوو ڕێگەیەک و بەردەوامـبـوون لەسـەر ڕاهـێنان و پێـشـخـسـتنی چەک بەهـەمـوو جـۆرەکـانیـەوە، بەپێـویست بزانێت، لەگـەڵ بـەردەوامـیـی دۆخـی وریایی نەک هـەر لە دۆخـی شـەڕدا، بگرە لـە کـاتـی ئاشتییشدا.

ئەوەش دەڵێت، کـە ئامادەبوونی بەردەوام و ئـاگەداری لە دۆخی ئاشـتـیدا پێویسـتـترە، تاکو سـەربازەکان تووشـی سـسـتی و ماندووبوون و جێگیری دەبن، ئەمـەش بەهۆی تەمـەڵی و کەمتـەرخـەمـیی ئامادەکارییەکان، هـەروەها سـەرقاڵبـوونیان بەڕابواردن و خۆشگوزەرانییەوە، کە دەوڵەت لاواز دەکات و دەبێتە هۆی ڕووخانی.[٦٦]

قـسـەکـەمـان بەوە کـۆتایی پێ دێنین، تـاکـو لە پێـوەندیی مـەکـیـاڤـیللی بەمەکیاڤیللیزمـەوە تێ بگەین، کە وەکو هەندێک وای دەبینن، بەشێوەیەک لە شێوەکان بەخراپی لێی گەیشتوونە، هەروەها وا لە مـەکیاڤیللیزم گەیشتووە، کە ئەوپەڕی مـامـەحـەمـەیی و خۆبردنە پێشـەوەی سـیـاسـیـیـە و شـێوەیەکی کارکردنی دامـاڵراوە لە بەهاکان و تا ئـەوپەڕی هەمـوو ئاکارەکانی ڕەوشت بەڕەوا دەزانێت.

مەکیاڤیللی داوا لە میرەکەی دەکات هـەرچی دوودڵی هەیە بخاتە ژێر پێوە، بۆ ئەوەی ئامانجی بالا بەدەر بکەوێت:

بەدیهـێنانـی وڵاتێکی بـەهێـز و بـەبەردەوامی پارێزگـاریکردن لێی، ئیـدی بەهـەر نرخێک بێت، وەکو مەردێک بۆ خۆشبژێوی.

---

٦٦. د. مصطفى النشار. ص ٢٠٨.

دەتوانین ئەوی لەم شێوە دڵڕەقانەیەی مەبەستێتی (ئامانج پاکانە بۆ شێواز دەکات) بەلای کەمەوە لەوەدا کورت بکەینەوە، کە ئەم ئامانجە بنیاتنانی باشترین جیهانە کە بشێت.

دەبێت ئاین و ڕەفتار ملکەچی ئەم ئامانجە بن، کە "وەکو ئەو بۆی دەچێت" بەرزترین ئامانجە بۆ کاری مرۆیی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە خراپ نییە گەر پەنا ببرێت بۆ درۆ و فێڵبازی و هەڵخەڵەتاندن و.. ئەوی لە هەلپەرستی لێی بەرهەم دێت و.. پێڕەوکردنی سیاسەتی کوتەک و.. بەکارهێنانی دڵڕەقی و.. پاکتاوی جەستەیی و.. گۆڕی بەکۆمەڵ و قڕکردنی ڕەگەز.

لە واقیعدا مەکیاڤیللییەکان زۆریان لە مەکیاڤیللی بار کرد و لە مەکیاڤیللی خۆی مەکیاڤیللیتر بوون، بۆیە پتر شێواندیان و بەدگۆڕانیان تێدا ئەنجام دا. وێڕای هەڵوێستی کڵێسا دژ بەم پیاوە، کە گەلێک هەڵوێستی کڵێسای (نانیشتمانی) ڕیسوا کرد و گاڵتەی پێ کرد، کە بووە بەردی سەر ڕێگە لە بەردەم بزووتنەوە نیشتمانییەکان و هەوڵی یەکخستنی وڵاتێلێک ملکەچی دەسەڵاتی بەرفراوانی ئەو بوون، هەرچەندە مەکیاڤیللی لەسەر داخوازیی پاپا کتێبی (مێژووی فلۆرەنسا)ی دانا.

هەروەها ڕۆماش کتێبەکانی چاپ کرد و کۆمیدیاکانی بەئامادەبوونی پاپای مەزن پێشکێش کردن و دواتریش کڵێسا ساڵی ١٥٥٩ز بڕیاری بەسووتاندنی بووکەڵەیەک دا کە مەکیاڤیللیی دەنواند.[٦٧]

---

٦٧. د. كمال مظهر أحمد. النهضة. ص١٣٠، پەراوێزی ٤٣.

# ئامۆژگارییەکانی مەکیاڤیللی
# بۆ سەدامی قوتابیی خۆی لە کەرکووک

لە کۆڕی "بەعەرەبکردنی کەرکووک"دا لە
سلێمانی لە ٢٠٠٥دا خوێندراوەتەوە.

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەم گوتبوو، هەینێ ناوی مەکیاڤیللی دێت، فریودان و ناپاکی و بێ ڕەوشتی و بێ بەهاییمان بەرگوێ دەکەوێت و لامان وادەبێت فەرمانڕەوا ئازادە لەو ئاکارانەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەهێزی دەوڵەتەوە بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی و بۆ دەرچوون لە یاسا مرۆییەکان دەیانگرێتە بەر.

بۆیە ئەم ناوە جووت بووە بەسەرجەم سیفەتە دزێوەکانەوە. هەروەها بووەتە هێما بۆ هەر سیاسەتوانێکی دڵڕەق، گوێ بەشەرەف، یا داوێنپاکی نەدات و گەورەترین تاوان بۆ گەیشتن بەمەرامە شەڕانگێزەکانی ئەنجام بدات. هەروەها مەکیاڤیلیزم Machiavellianism بووەتە زاراوەیەک بۆ کاری نابەجێ.

ئەو کاتی بڕیاری دانانی ئەم کتێبەم دا، پرسیم:

ئاخۆ لەوەوە دەست پێ بکەم، کە ئەوی سەدام بەکەرکووکی خۆڕاگر و ئازای کرد؟ یا لە ڕێنوێنییەکانی مەکیاڤیللیی ڕابەری و ئامۆژگارییەکانیەوە بۆی دەست پێ بکەم، کە چۆن سەدام جێبەجێی کردن؟

بڕیارم دا لە ڕێنوێنی و پرەنسیپەکانی مەکیاڤیللییەوە دەست پێ بکەم، ئەوانەی لە کتێبە هەرە ناودارەکەیەوە (میر) هاتوون.

ئەم نووسەرە سیاسییە، کە لە (١٤٦٩ – ١٥٢٧ز) لە فلۆرەنسای ئیتاڵیادا ژیاوە، ڕەفتارەکانی لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان ئەوانەی فەرمانڕەوایی گەلەکەیان دەکرد، وەرگرتووە. لە نموونەی کاراکلا Caracalla و کالیگۆلا Caligulla و نیرۆن Neron.

ئیدی ئەو کتێبەی بووە ئینجیلی ستەمکاران و هاوەڵی سەرینیان، تاکو ببێتە دوا شت بەر لەوەی بنوون بیخوێننەوە، یاخۆ یەکەمین شت بێت کاتێک گزنگی بەیان دەدات، چاویان پێی هەڵبێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتداری و ستەم بکەن و خوێن بڕێژن و ئیمزای لەداردانەکان بکەن.

(میر) بووە دەستووری چەوسێنەران، ناودارترینیان ناپلیۆن، هیتلەر، مۆسۆلینی، ستالین و لیستەکە درێژ دەبێتەوە.

ڕەنگە سەدام دوا فەرمانڕەوا نەبێت ئیلهامی لە ڕێنوێنییەکانی مەکیاڤێللییەوە وەرگرتبێت، کاتێک سیاسەتی قڕکردنی پیادە کرد، جا ئیتر لە دوجەیل بووبێت، یا لە هەڵەبجە، یاخۆ لە پرۆسەکانی ئەنفالدا، یان لە هۆرەکان، یانیش ئەنجامدانی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە شارەکانی کوردستاندا، نەخوازە لە کەرکوکی خۆشەویستدا.

هەرچەندە دیکتاتۆرەکان کاتێک دەسەڵاتی کورسی لووتیان بەرز دەکات و حەزی بەتاڵی مەزنیی دایان دەگرێت، ئاتاجی کتێب نابن.

بۆیە سیاسەتی دڵڕەقی و قڕکردنی بەرابەر دەگرنە بەر، ئیتر لەژێر هەر پاساوێکدا بێت بۆ مانەوەیان لەسەر کورسییەکانیان بەپێویستی بزانن.

دەبا سەرنجێک لە بۆچوونەکانی مامۆستاکەی سەدام بدەین:

١– باشترین شێواز بۆ دەسەڵاتدار و بەردەوامیی فەرمانڕەواییەکەی ئەوەیە، زۆرترین وێرانکاری و خوێنڕێژی و قڕکردنی بەکۆمەڵ بپێکێت، تاکو بەرابەرەکەی "ڕەشە خەڵکەکە، یاخۆ نەیار، یان دوژمن" پەکی ئەنجامدانی هەر کارێکی تۆڵەستێنانە بکەوێت. هەروەها ئەو زیانانەی میر یا ستەمکار

پێیان دەگەیەنێت ماڵوێرانکەر بێت. بەڵام ئەگەر زەرەر و زیانەکان دیاریکراو بن، ئەوا دەتوانن دووبارە ڕاست ببنەوە و تۆڵە لە زۆردارانیان بسێننەوە. بۆیە دروستترین ڕێگە کاتی چوونە ناو وڵاتێکەوە، وێرانکردن و لەناودانی خەڵکەکەی و هەموو ئەوانەیە بە ڕوویدا دەوەستنەوە.

٢- ئامانجی فەرمانڕەوا و تاقە پیشەی ئەو شەڕە، چونکە موڵک و ماڵی دەپارێزێت و پایەی خۆی و دەستوپێوەند و زەلامەکانی بەرزتر دەکاتەوە.

دەبێت لە بیرۆکەی شەڕ خۆی بەدوور نەگرێت و پێویستە لەشکرێکی ڕاهێنراوی ئامادەکراوی هەبێت بۆ ڕووکردنە هەر وڵاتێکەوە سەرۆک داوایان لێ بکات. ئەو فەرمانڕەوایەشی بیر لە خۆشگوزەرانی و کامەرانیی گەلەکەی دەکاتەوە پتر لەوەی بیر لە شەڕ دەکاتەوە، ئەوا هەرچی هەیە لە دەستی دەدات.

داخۆ ڕۆژێک سەدام بیری لە خۆشبژێویی میللەتە دەرکراو و خاپوورەکەی (لە ناخەوە و لە ماڵەکەشیدا) کردووەتەوە، کە ئابڕووی براوە و لەژێر هەڕەشەی حەوزی تیزاب و گۆڕی بەکۆمەڵدایە، یاخۆ بەلیستی خۆراکەوە کۆت کراوە؟

٣- لەسەر دەسەڵاتدارە (سەرۆکی تەنگانە) هیچ نەترسێت و گوێ بەوە نەدات کاتێک بەدڵڕەقی ناودەبەن، دڵڕەقییەکەی بەبەزەییانەترە لە بەکارهێنانی نەرمی. خۆ ئەگەر بەراورد پێویست بێت لە نێوان دەسەڵاتداری تۆقێنەر و دەسەڵاتداری لە بەردڵان، ئەوا تۆقێنەر باشەکەیانە.

هەڵبەت پاراستنی دەسەڵاتیش بۆ دڵڕەقی دەگەڕێتەوە، هەینێ دڵڕەقیی زۆر بەمەبەستی خۆی دەگات، فەرماندە بەبڕێکی دیاریکراو (چاکە) لەگەڵ ڕەشە خەڵکەکەدا دەکات "بە بەخشینی دیاری: پێشا چەترێکی لە شوێنی وەستانی پاسەکان دادەنا و لەسەری دەنووسی: دیاریی سەرۆکی فەرماندەیە خوا بیپارێزێت".

٤- شەڕ و سیاسەت دووانەن. کێ بیەوێت شەڕ بەرپا بکات، ئەوا دەبێت سیاسەتیش بکات، لەسەر میرە تەبیعەتی شێر و ڕێویی لە یەک کاتدا هەبێت، چونکە شێر بەو تەڵانە نازانێت بۆی دەنرێنەوە، کەچی ڕێوی پەیان پێ دەبات، ڕێوییش ناتوانێت بەرهەڵستیی گورگ بکات، بۆیە لەسەر میرە ڕێوی بێت، تاکو خۆی لە تەڵە بپارێزێت و ببێتە شێر تا گورگەکان بترسێنێت، واتا لەسەر ستەمکارانە یاسای دارستان پێڕەو بکەن.

شۆڤالێ دەڵێت: "بەڕای هەر هزرمەندێکی ئاکاری ئەمە تابلۆیەکی ترسێنەرە، بەڵام بە دیدی مەکیاڤیللی و هەتیوەکانی ئەوا ئەم پرۆسەیە (هاوکێشەیە) زۆر سروشتییە".

٥- بەڵێن بەجێگەیاندن. سەدام حوسێن ئەوەی بیر هاتەوە، کە لە (٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨دا لەگەڵ ئەوانی بەر لە دوو هەفتە لەگەڵیدا بەشدار بوون، کە بەشۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمووز ناوبرا(!). هەروەها پەیماننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانیی سەرۆکی کورد بەر لەوەی مەرەکەبی ئیمزاکردنەکەی بەدەستی خۆی لە گەڵاڵە کردی وشک بێتەوە. ئینجا پەیماننامەی دەریای عەرەب لەگەڵ شای ئێران لە جەزائیردا (ئاداری ١٩٧٥).

هەروەها ڕاگەیاندنی نەتەوەیی، کە لە بەغدا لە ناوەڕاستی ئاپۆرەی چەپڵەلێدەراندا بەشێوەیەکی دیماگۆگیی پێکەنینهێنەر ڕایگەیاند.

پاشان پەیماننامەی بەرگریی هاوبەش لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکاندا و ئەوی لەگەڵ پیاوەکانیدا لە کوێتدا (دەستەخوشکی بچووک!) ئەنجامی دا، بگرە ئەوی لەگەڵ هاوڕێبازەکانی ڕێگەی لە تەمووزی ١٩٧٩دا ئەنجامی دا.

مەکیاڤیللی دەڵێت: هەڵەیە میر بەڵێنەکانی، ئەگەر دژ بەمانەوەی لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی بن بەجێ بگەیەنێت.

هەروەها لەسەر میرە بۆ دژ وەستانەوەی پەیمانەکان پەنا بۆ فرت و فێڵ و

تەڵەکەبازی ببات، هەروەها پێچەوانەی ئەوە نیشان بدات کە جێبەجێی دەکات، بۆیە دەبێت لە دەزگەکانی ڕاگەیاندنیەوە ئەوەی لەسەر بڵێن، کە ئەمانەت دەپارێزێت.

خەڵکیش سادە و خۆشباوەڕن بڕوای پێ دەکەن، ڕاگەیاندنی هەڵبەستراویش بەردەوام شەو و ڕۆژ ئەوە بەگوێی خەڵکیدا بدات.

دەبێت ئەویش بەپێی ڕەوشەکە فرتوفێڵ بکات و لەسەر دەسەڵاتداری لێزانە پەیماننامەکان لەسەر شێوازی ڕێوی پراکتیزە بکات و هەموو ئەو شێوازانە لە پێناو بەردەوامی دان بەمانەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بەکار بهێنێت. لەم شێوازانەش:

پیاوەکانی وەکو ئامێر بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە دزێوەکانی بەکار بهێنێت، کە بۆ خۆیان بە ڕەوایان دەزانێت. پاشان شەقێکیان تێ هەڵدەدات و هەندێک جاریش کاتێک بێزاریی خەڵک ڕوو لە هەڵکشان دەکات، دەیانکاتە قۆچی قوربانی.

لەمەوە میری لێزانمان (سەدام) کاتێک هاوەڵەکانی بەکار دەهێنا (گەلێک جار) بۆ تۆقاندنی خەڵک و دڵڕەقی لە بەرابەریاندا، پاشان دەیکوشتن، تاکو مژدە بەخەڵکی بدات کە لە پێناوی میللەتدا کوشتنی(!).

واتا لەسەر میرە پیاوەکان و هاوەڵانی بکوژێت، لەوانەی شێمانەی ململانێی تێدا دەبینییەوە. ئەوان پارێزەری بوون، بەخۆی ئاراستەی کردن بۆ جێبەجێکردنی تاوان و پەند دادان بەخەڵک، ئینجا لە بەرابەر ئاپۆرای پیاوە لێبووک و تەپڵکوتەکانی، تاکو خۆی وا نیشان بدات پارێزەری نیشتمان و گەلە و ئەو قوربانیی پیلانێکە، بۆیە خوێنڕشتنیان بە ڕەوا دەزانێت، پاشان فرمێسکی تیمساحانەیان بۆ دەڕێژێت و فرمێسکەکەشی بە کلینیکسێک، کە پێشتر لەسەر مێزەکە بۆی ئامادە کراوە دەسڕێت.... ئای چ قێزەونییەکە(!).

پێشنیازەکانی مەکیاڤیللی لە بەرابەر ئەوی سەدام و ڕێژیمە فاشییەکەی دژ بە(میللەتەکەی) و دراوسێکانی و دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجامیان دا هێندێک بەزەییان تێدان.

هەروەها دژ بەهاوئاین و هاونەتەوەکەی، دوژمنکارییە سەرسەختانەکەی دژ بەئێران، کە لەسەر زەویی خوزستان، یاخۆ وەکو ناوی نابوو (عەرەبستان) ئەو خاکە عەرەبییە موسڵمانەی هاوسنوورە لەگەڵ خوارووی عێراقدا، لە شارەکانی موحەممەرە (خورەمشەهر) و خەفاجیە (سوسەنگەرد) و حەمیدیە و دەشبول (دێزەفول) و گەلێک شارۆکەی تر.

هەروەها لە کوردستانی ئێراندا بەهەرێمە جۆرەوجۆرەکانیەوە، هەر لە کرماشان، قەسری شیرین، دەهلەران، گێلان غەرب، سەرپێڵی زەهاو و ئەوانی تر.

هەڵبەت هەمان شتیش سەبارەت بە کوێت، ئەو دەوڵەتۆکە عەرەبییەش دەگوترێت، کە بە پارە و ڕاگەیاندن و لایەنی لۆجستییەوە یارمەتیی سەدامی دا. هەرچی کوردستانە (عێراق) ئەوی لەگەڵ (گەلی کورددا ئەنجامی دا، کە بەدوو ماف بەهرەمەندە!) ئەوا تا دەتوانیت قسە لەسەر تاوانەکانی بکە. تەنانەت لە فەرهەنگی پیاوکوژاندا شێوازێک نەماوەتەوە لەگەڵ میللەتەکە و خاکەکەیدا نەیگرتبێتە بەر، لە سیاسەتی خاکی سووتاوەوە تاکو پاکتاوی ڕەگەزی (کەرکووک، شنگار، خانەقین، مەخموور... هتد) تاکو سیاسەتی ئەپارتاید. گشت ئەم سیاسەتانە دژ بەو ڕێنماییانە بوون کە لە ئاینەکەیدا هاتوون، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد پێوەندە پێیانەوە (یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر وأنثي وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان أکرمکم عند الله أتقاکم) و (لا فضل لعربي علي أعجمي الا بالتقوی).

ئەمە سەبارەت بەیاسا دانراوەکان، وڵاتان لە سەدەی هەژدەمینەوە دەستووریان داناوە و خاڵی تایبەت بەمافی مرۆڤیان تێدا جێگیر کردووە،

نەخوازە کاریگەریی شۆڕشی ئەمەریکایی لە ساڵی ١٧٧٤دا، هەروەها دوای شۆڕشی فرەنسیش، واتا ساڵی ١٧٩٢، بەڵام ڕاگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ گرینگترین بەڵگەنامەیە، کە لە ساڵی ١٩٤٧دا دەرچوو، یەکێک لە خاڵەکانی دەڵێت: مافی مرۆڤ خۆیەتی بێ جیاوازی بەسەرجەم ئازادییەکانی بەهرەمەند بێت، بەهۆی ڕەگەز یا ڕۆشنبیرییەوە (زمان و ئاین) یا بیروباوەڕی سیاسی، یان ئینتیمای نیشتمانی و دوور لە جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاودا. هەروەها زامنکردنی پاراستنی موڵک و ماڵی کەسەکان و شوێنی نیشتەجێبوونیان.

عێراق یەکێک لەو وڵاتانە بوو لەسەر ئەم بەڵێننامە جیهانییە ئیمزای کردبوو.

بەڵام ئیمزاکردنەکەی تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بوو، ئەوەبوو خاڵە گرینگە ناسراوەکانی تر بەتەواوی پشتگوێ خران و هیچ حسێبێکی بۆ نەکردن، نموونەی ئەمەش ئەوە بوو سەربازە عێراقییەکان لە سەرەتای سەردەمی پاشایەتیدا دژ بەبزووتنەوە نارازیخوازەکانی کورد ئەنجامیان دا، کە داوای هەندێک مافیان کرد بەپێی ئەوە لە ماوەی پێکهاتنی شانشینی عێراقدا کوردستانی باشووری بەعێراقەوە لکێنرا.

هەڵمەتە دڕندانەکانی سوپا لەگەڵ سەرەتای بزووتنەوەی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا پتر بوون. بەردەوام شاڵاو بۆ وڵاتی کوردان و دانیشتوانەکەی دەبرا، تەنانەت ئەوانەشی گرتەوە، کە لە دەرەوەی خاکەکەیاندا بوون (بەغدا و پارێزگەکانی کووت و عیمارە) لە کوردە فەیلییەکان، نەخوازەڵا لە نێوان ساڵانی ١٩٧١- ١٩٨٠، ئەوە بوو لە زێدی خۆیان دەرکران و دەست بەسەر دوکان و خانوو و موڵک و ماڵیاندا گیرا، بگرە حکوومەتی فاشی خێزانەکانیشیانی پەرتەوازە کرد، بەوەدەرنانی دایکان و باوکان و هێشتنەوەی ڕۆڵەکانیان لە عێراقدا، ئەمەش سیاسەتی (لێکدابڕانی

خێزانی)یە، کە مانای بەزەیی نازانێت.

هەروەها سیاسەتێکی پێڕەو کرد لە بەرابەر پیاوانی بارزانیدا ئەوپەڕی دزێوی و فاشیزمی تێدا بوو، ئەوە بوو بەکۆمەڵ کوشتنی و ژن و منداڵەکانیانی هێشتەوە. هەروەها پرۆسەی ئەنفالی دژ بە(میللەتەکەی) لە (شوبات تا ئەیلوولی ١٩٨٨) ئەنجام دا و زاراوەی ئەنفال (لای کورد مایەی قێزەونییە، چونکە کوشتنی بەکۆمەڵ دەگرێتەوە و هەندێکیان بیریان چووەوە ئەنفال ناوی یەکێک لە سوورەتەکانی قورئانە).

سەدام ویستی سیفەتی پیرۆزی بەتاوانەکەی بدات، کە دژ بەشەریعەتەکانی ئاسمان و زەوین. ڕێژیم پتر پێی لە تاوانەکانی داگرت کاتێک بەفڕۆکەکانی کیمیابارانی شارێکی کرد پڕ لە منداڵی ساوا و ئافرەت و پیر بوو، هەروەها ئەم چەکەی لە زیاد لە (٢٧٠) گوند و شارۆکەی کوردستان لە ڕۆژێکدا بەکار هێنا، نەخوازە لە دۆڵی بالیسان و دەڤەری بادینان و گوند و شاخەکانی سلێمانیدا.

ڕێژیمی سەدامی عەفلەقی نزیکەی نیو ملیۆن مرۆڤی بەخوێن ساردییەوە (لەسەر ناسنامە و لە سۆنگەی ئەوەی کوردن) لەناودا، هەروەها پتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردستانی خاپوور و وێران کرد، بەمزگەوت و قوتابخانە و ماڵ و پەرستگەی کرستیان و یەزیدی و خەڵکەکەیشی بۆ شوێنانی تر گواستەوە.

ئینجا پەنای بۆ شێوازێکی تری دوور لە مرۆڤایەتی برد، ئەویش شێوازی ناچارکردنی کوردەکان بوو بەگۆڕینی نەتەوەیان تا ببنە عەرەب، سەرەتا بەزۆر لەگەڵ ڕۆڵەکانی تایەفەی یەزیدی و برایانی کرستیاندا بوو. ئەم هەڵسوکەوتەش دژ بەلۆجیک و کارێکی گەمژانە و سەرشێتانەبوو. چۆن دەبێت کوردێک ببێتە ناکورد، ببێتە عەرەب. ئەمە ئەو شتەیە هەر مرۆڤێکی ژیر و ناژیر گاڵتەی پێ دەکات، تەنانەت عەرەبیش. هەروەها لەگەڵ ڕۆحی

هاووڵاتیبوون و برایەتیدا نایەتەوە، پرەنسیپەکانی شەرع و مافەکانی مرۆڤ ڕەتی دەکەنەوە.

بەڵام ئەمە بۆ ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی فاشی چووە سەر، ئەمەش تا ڕادەیەک لەژێر هەڕەشە و بەزۆر و لەژێر ناوێکی پێکەنینهێنەر و گریاناویدا (ڕاستکردنەوەی نەتەوە)، نەک گۆڕینی نەتەوەیەک بۆ ئەوی تر، بۆ نموونە، بگرە بەدیاریکراوی بۆ نەتەوەی عەرەب.

وەک ئەوەی کوردی کەرکووک هەڵە بووبن ئەو کاتی کورد بوون(!). یان وەک ئەوەی دانیشتوانی کەرکووک لە کوردەکە شتێکیان بەدەست هێنابێت و لە سەردەمی پاشایەتییەوە (فێڵیان) لە دەوڵەت کردبێت، یاخۆ ئەوی پێیان دەگوت (سەردەمی کۆماری)، پاشان کاتی ئەوە هات نەتەوەکەیان بگۆڕن و بگەڕێنەوە باوەشی (عرووبە!)کەیان. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کورد دووچاری چەوسانەوە بووبوو، نەخاسمە لە کەرکووک لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عێراقەوە IPC دەیانچەوساندنەوە، یەکەم لەبەر هۆی ڕەگەزی، دووەم چینایەتی، چونکە نوێنەری نەدارانی شاری کەرکووک بوون، بەهۆی سیاسەتی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە دەبوو کوردی لەو پێگە یا پۆستانە دوور بخستایەتەوە، ئەمەشیان بەچەندین شێواز ئەنجام دەدا، بەڵام نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی بەدەرکردنی کورد لە شارەکەیاندا تەقینەوەی ڕەگەزپەرستی ڕوو بدات، وەک ئەوەی لە کاتی سەدامدا ڕووی دا. بگرە پرۆسەی بەعەرەبکردن گەیشتە ڕادەی ئازاردانی هەست ئەودەمی تاقمی دەسەڵاتدار ناوی گەڕەک و شەقام و سەیرانگە و قوتابخانە و ناوی دوکانەکان و کتێبخانە و ڕیستۆرانت و یانە و مزگەوت و تەکیە و... هتد، گۆڕی بۆ ئەو ناوانەی هەستەکان بایندار دەکەن، وەک:

عرووبە و ئەو ناوانەی دەلالەت لە ڕەگەزپەرستی دەدەن، وەک: عبدالملک بن مروان (هێمای بەعەرەبکردنی دیوان و پارە لە سەردەمی بەنی ئومەییەی

ناسـراو بەڕەگـەزپەرسـتی و تایفـەییـیـان و دژ وەسـتـانەوەی ئالل بەیت و شەرعی ئیسلامی و بۆ موسڵمانانی ناعەرەب).

***

لەسەرمانە ستایشی کارەکەی مامۆستای پارێزەر تاریق جەمباز بکەین، ئەو کـاتی دۆسـیـەی تـاوانەکـانی ڕێژیمی سـەدام حـوسـێنی بڵاو کـردەوە، لەژێر ناونیـشـانی (پاکـتـاوی ڕەگـەزی - گـۆڕینی نەتەوەی کـورد و تـورکـمـان لە کـەرکـووک- ٥٠ بەڵگەنامـە. لە دۆسـیـەی تـاوانەکـانی ڕێژیمی سـەدام حوسێندا).

بەڵام بەر لەوەی بچـینە سـەر ناواخنی هەندێک لەم بەڵگەنامـانە، بڕگـەیەک لە مەکیاڤیللییەوە وەردەگرین لە (میر) لە بەشی سێیەمدا لەژێر ناونیـشـانی (مـوڵکداریتییە تێکەڵەکان) (ل ٥٨-٧٠ چاپی ٢٠٠٥ - دار الافاق الجدیدة - بەیرووت) لە ڕاسپـاردەکانی مـەکیاڤیللی سەبارەت بەچۆنیـەتیی مامـەڵەکردن لەگەڵ خـەڵکی ئەو زەوییانەی میر خسـتوونییەتە سەر وڵاتەکەی خـۆی، یاخۆ بەر لەم مـیـرە بەزۆر و دوور لە ڕەزامـەندیی خـەڵکەکـەی خـرابوونە سـەر ئەو وڵاتە. بۆیە داوا لە میر دەکات و دەڵێت: ڕەنگە چاکترین ئامراز و لە هەمووی پتر ئـاسـوودەیی بەدەسـەڵاتدار ببـەخـشـێت ئەوەیە دەسـەڵاتـدار بڕیاری ئەوە بدات بارەگاکەی لەو شوێنە (نوێیە/ لکێنراوە) دابنێت.

ئەم بڕیارە موڵکەکان سەلامەتتر و تەمەندرێژتر دەکات.

بوونی داگـیـرکـەر لـەو دەڤـەرەدا وای لێ دەکـات پشـێـوییـەکـان ببـینێ و دەمودەست چارەسەریان بکات.

دیکتـاتۆری عێراق ئەم سیاسـەتەی پێڕەو نەکرد، بەڵام بڕیاری دا هـەولێر بکـاتە مـەڵبـەندی نـاوچەی کـوردسـتـانی خـودمـوخـتـار (بـەپێی ناونـانی ڕێژیمـەکـە)، پـاشـان پـایەتـەخـتی هـاوینـەی عـێـراق، تاکـو نەک هـەر لە کـەرکـووکـەوە نزیک بێت، بگرە لە گـشت خـاکی کـوردسـتـانەوە، بۆ ئەوەی

فەرمانەکانی بەوێرانکردن و ئەوانەشی لێی دەژین بە زووترین کات بگات.

پاشان مەکیاڤیللی داوا لە میر دەکات کۆلۆنی دابمەزرێنێت (گەڕەکی نیشتەجێکردن) لە شوێنی داگیرکراو، ڕەوەندی سەر بەنەتەوەکەی خۆی تێدا نیشتەجێ بکات. لەگەڵ هێزی سەربازیی زۆری تێدا دابنێت. بەناردنی ڕەوەند بودجەی دەوڵەت مەگەر کەم ئەگینا هیچی تێ ناچێت.

بەم کارەی میر – دیکتاتۆر هیچ خراپیی تێدا نییە بۆ ئەوانەی زەوی و ماڵیان زەوت کراوە، گەر دانیشتوانی تازە بهێنرێنە سەر زەوییەکانیان.

هەرچی خەڵکی ڕەسەنی شارەکەن، دوای ئەوەی زەوییەکانیان لەدەست دا و لە گشت شوێنێک نەدار و ئاوارە بوون (نەخوازە لە ئەنبار)، یا شارەکانی کوردستان، دەتوانن ئازار بەڕێژیم بگەیەنن. لە دوا حاڵەتی دوامیندا دەبێت هیچ لەگەڵ خۆیاندا نەبەن. هەرچی دانیشتوانەکەی ترە، ئەوانەی زیانیان بەر نەکەوت، ئەوا هێمنیی خۆیان دەپارێزن لە ترسی ئەوەی نەکو بەدەردی برا ئاوارەکانیان بچن.

ئەمەیە مەکیاڤیللی لە (میر)ـەکەیدا داوا دەکات، کە بە بەزەییتر بوو لە دیکتاتۆرەکەی عێراق، ئەوی بڕیاری دا سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی ئەوانی ناو کەرکووکیش (پارێزگەی تەئمیم – بەپێی ناولێنانی خۆیان) بگرێتەوە و دەبێت کورد و تورکمان نەتەوەیان بۆ عەرەب بگۆڕن.

ئێستا بابگەڕێینەوە سەر ئەو دیکۆمێنتانەی دوای ڕزگارکردن لە چنگی ڕێژیمی ڕووخاو لە کەرکووکدا دۆزراونەتەوە:

* دیکۆمێنتێک لە ١٩٩٩/٧/٤دا دەرچووە، ئەم بڕگەیەی لێ وەردەگرین:

"دەمانەوێت پێتانی ڕابگەیەنین، کە (ناوچەی ٢٤ – تۆپزاوە) ساڵی ١٩٨٧ بەمەرسوومێکی کۆماری دەستی بەسەردا گیراوە و وەکو دەڤەرەکانی تری ناوچەکە بووەتە دەڤەرێکی قەدەغەکراو، ئەمەش دوای نەهێشتنی حەوت

گوندەکە و شارەدێی یایچی و بنیاتنانی چوار کۆمەڵگە بۆ خێزانە عەرەبە ناسراوەکان بەمتمانەی تەواویان بۆ حزب و شۆڕش و بۆ بەتینکردنی پشتێنەی تەناهی بەدەوری شارەکەدا.

بۆ پێشەوە بۆ خەبات.

* بڕیاری (گۆڕینی نەتەوە) بوودییەکان (!) ناگرێتەوە.

لە ٢٠٠٠/٢/٢٩دا دەرچوو، لەگەڵ سیاسەتی برسیکردنی ئەوانی عەرەب نین لە کەرکووک.

١- به سەرجەم فەرمانبەرانی فەرمانگەکانتان لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و تورکمان ڕابگەیەنن، نەتەوەی خۆیان بگۆڕن، ئەمەش بەپێی کارڕاییی تایبەت و لە تۆماری ڕەگەزنامەشدا بنووسرێت.

٢- ڕێگەی توند بگیرێتە بەر لە بەرابەر ئەوانەی نەتەوەی خۆیان ناگۆڕن لە دوای ١/٤/٢٠٠٠وە و (پسوولەی خۆراکیان لێ بسێنرێتەوە!) و بەفەرمی ئەمەیان پێ ڕابگەیەنرێت، لە ڕێگەی بەستنی کۆڕی فراوانەوە سەبارەت بەمە. لە دواییشدا بگوازرێنەوە بۆ ناوچە دوورەدەستەکان و پلە و پایەی کارگێڕییان دابگیرێت. لەگەڵ وەستاندنی زیادەی مووچە و بەرزبوونەوەی ساڵانە و بەخشیش و دەرماڵەی پیشەیی و ختوورەکانیان، ئینجا دەرکردنیان لە خانووە حکوومەتییەکان لە ماوەی (سی) ڕۆژدا.

٣- بڕیاری گۆڕینی نەتەوە، کلدان و کرستیان و ئەرمەن و (بوودییەکان!) ناگرێتەوە.

بۆ پێشەوە لە خەباتکردن

ئیمزا

حیکمەت تاهیر خالید

له ٢٠٠٠/٢/٢٦دا سەبارەت بەسڕینەوەی شوێن و پاشماوەی دوژمنان و له گۆڕانی نیازەکانیان: (دانیشتوانی کەرکووک ئەوانەی بەدەر له زمانی عەرەبی بەزۆر زمانێکیان بەسەردا سەپێنراوە، ئەوانە دوژمن و دەبێت ئاسەواری بوونیان لەم شارەدا نەهێڵرێت).

دەقی بڕیارەکە:

١- ئەو ڕاپۆرتانەی له لیژنەکانی پتەوکردنی زمانی عەرەبییەوە له سەرجەم قوتابخانەکانی پارێزگەی کەرکووکەوە هاتوون، ئاماژە بەسەرکەوتنی پرۆسەکە بەشێوەیەکی باش دەکەن. زمانی عەرەبی بەسەر گشت قوتابخانەکاندا سەپێنراوە و دەست له بیناقاقای زمانە (ناوەخۆیی)یەکان گیر کراوە و هیچ ڕۆڵێکیان له گفتوگۆکردندا نەماوە، بەتایبەت له بواری پەروەردە و فێرکردن و وانەوتنەوەدا.

٢- لیژنەی سانسۆری ناوەخۆیی له پارێزگەدا توانی سەرجەم ناوەکان و ناوی شوێنە بازرگانی، پیشەسازی، گازینۆ، چایخانە، مزگەوت، تەکیە، شەقام و شوێنە دێرینەکان بگۆڕێت، کە بە(دیالێکت) و زمانی کوردی و تورکمانی نووسرابوون.

٣- ئەوە بوو بەناوی عەرەبی (ڕەسەن و دێرینی مێژوویی) گۆڕان، کە لەگەڵ سەرجەم گۆڕانەکەدا بێنەوە، ئەوە بوو هەموو جومگەکانی ژیانی لەناو مەڵبەندی پارێزگەی تەئمیم (کەرکووک)دا گرتەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە له خەباتکردن.

ئیمزا

نافع سەلمان موتڵەگ

وەکو دەبینین ڕاسپاردەکانی مەکیاڤیللیی مامۆستا بەبەزەییانەتر بوو لەوەی قوتابییەکانی پێڕەویان کرد(!).

* جێبەجێکردنی پلانی ڕاگواستنی هاووڵاتییانی ناعەرەب لە سەنتەری پارێزگەی تەئمیمەوە.

زۆر نهێنییە. ٢٠٠٠/٤/١٦.

"بەپشتبەستن بەڕێنوێنییە تایبەتەکانی ناوەند، کە لە وەزارەتی ناوەخۆوە دەرچووە، هەمبەر ڕاگواستنی هاووڵاتییانی ناعەرەب لە پارێزگەی تەئمیمەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە و لەبەر هۆکاری تەناهیی تایبەت بەپارێزگەکە و لەبەر ڕووناکیی ئەنجامەکانی سەرژمێریی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵاتووان بۆ دەرەوەی عێراق. ئەم هاووڵاتییانەی لەم لیستە هاوپێچەدا ناویان هاتووە بۆ ڕاگوێزان و ٢٠٠٠/٤/١٥ لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتی تەناهی و لە ماوەی یەک ڕۆژدا(!).

کاری پێویست کرا سەبارەت بەمردە ماڵ و (الاموال الغير منقولة) و ئامێرە کارەباییەکان".

بۆ زانین و خوێندنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە لە خەباتکردن.

ئیمزا

سەرتیپ (عمید)/ نافع سەلمان موتڵەگ

* بۆ پارێزگەی تەئمیم ٢٠٠٠/٧/٢

دوای توێژینەوەی پلانی ساڵانە بۆ پاکتاوی کەرکووک لە (ڕەگەزی دەرەکی - العرق الدخیل)

ئەم ڕێنوێنییانەمان دەرکرد:

یەکەم: دەستکردن بەڕاگواستنی هاووڵاتییانی ناعەرەب لە شارەدێ و شارۆکە و گوندەکانی سەر بەپارێزگەی تەئمیم، ئەمەش لەبەر ڕووناکیی ڕێنوێنییە تایبەتەکان و ئەو هۆیانەی وا دەخوازن.

دووەم: ئەو هاووڵاتییانەی ڕاگواستن دەیانگرێتەوە، سەرپشک دەکرێن بۆ پارێزگەی ڕومادی (ئەنبار)، یان پارێزگەکانی باکور (تەنیا سلێمانی).

سێیەم: ئەو ڕاگوازراوانەی پارێزگەی ئەنبار هەڵدەبژێرن، ڕێگەیان پێ بدرێ هەموو شتومەکی ماڵەکەیان بگوازنەوە بەئامێرە کارەباییەکانیشەوە. دەستیش بەسەر هی ئەوانەدا بگیرێت، کە ڕوو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکەن.

چوارەم: وەستاندنی ڕاگواستنی هاووڵاتییانی تورکمان، لەبەر نەگۆڕینی نەتەوەیان(!) تا ماوەیەکی تر. هەوڵیش دراوە بۆ ناچارکردنیان بەگۆڕینی نەتەوەیان(!).

پێنجەم: ئەم ڕێنوێنییانەی سەرەوە لە ٢٠٠٠/٧/١٥وە جێبەجێ دەکرێن.

ئیتر بۆ پێشەوە لە خەباتکردن.

ئیمزا

فەریق ڕوکن/ سەعدون عەلوان ئەلموسڵح

ج/ وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری تەناهی

ڕێزدار ڕازگری لقی کەرکووکی حزبی پێشڕەوی بەڕێز

٢٠٠٠/٧/١٠

ب: تەرخانکردنی زەویی کشتوکاڵی

لەبەر حەزی تاکەکانی هۆزی ئەلبو مەفرەج، کە لەم لیستە هاوپێچەدا ناویان هاتووە بۆ خانوو و کۆمەڵگەیەک بۆیان لە دەڤەری (کتکە)ی سەر بەشارەدێی ئاڵتوون کۆپری، کە هاوکات دێتەوە لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی سەرکردایەتییە حەکیمانەکەمان و لە سەرووی هەموویانەوە سەرکردەی ڕەمز بەڕێز سەدام حوسێن (خوا بیپارێزێت) لە پترکردن و چڕکردنەوەی دانیشتوانی عەرەب و دابینکردنی پشتێنەی تەناهیی شاری کەرکووک، تکایە ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر تەرخانکردنی زەویی کشتوکاڵی بۆیان لە (کتکە)ی سەر بە شارەدێی ئاڵتوون کۆپری (ئامادەییی تەواویان تێدایە بۆ هەموو کات لەوێ نیشتەجێ بن) و جێبەجێکردنی ئەوی پێویستە لێیان.

لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزماندا.

هاوپێچ: لیستی ناوی جووتیارەکان

* نهێنی و تایبەتە

بۆ: ڕێکخستنەکانی پارێزگەی تەئمیم ٢٠٠١/٣/٢٧

ب: زانیاری

تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بازرگانی و کاروباری ئابووری لە شاری کەرکووک بەدەست (کورد و تورکمان)ـەوەن. تکایە زانیاریتان هەبێ و بەباشی دەزانین کەسانی عەرەب ئامادە بکرێن بەمەبەستی هەڵبژاردنیان بۆ ئەندامێتی لە ژووری بازرگانی و زیادکردنی ڕێژەی عەرەب تێیدا بەڕێژەیەک لە ٥٠٪ کەمتر نەبێت، کە لە مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنەکەیان ئەنجام دەدرێت و کاندیدە عەرەبەکان بۆ هەڵبژاردنەکە ڕۆشنبیر بکرێن، لەبەر زامنکردنی بردنەوەیان.

ئاگەدارمان بکەنەوە. لەگەڵ ڕێزماندا.

فەریق ڕوکن
قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد
پارێزگاری تەئمیم

کۆماری عێراق

وەزارەتی بازرگانی

پلانێکی تەناهیی بازرگانی

بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی دیوانی سەرکردایەتی لە ٢٠٠٠/١/٩دا ئەم ڕێنوێنییانەی خوارەوەمان دەرکرد، بەپێی ئەوە ڕێ لە (هاوولاتییە عێراقییە!) ناعەرەبەکان دەگیرێت ئەمانەی خوارەوە بکەن:

١- هێنان و کڕین و فرۆشتن و بەکرێگرتن و بەکرێدانی ئامرازە هەمەچەشنەکانی گواستنەوەی تایبەت، کە لە دوای ٢٠٠٠/٣/١ـەوە دێنە ولاتەوە.

٢- کاری بازرگانی لەسەر هێڵی ولاتە دراوسێکان.

٣- موڵکدارێتیی زیندەماڵ و مردەماڵ و هەموو جۆرە ئامێر و ئامراز و هۆیەکانی گواستنەوە، کە لە دوای ٢٠٠٠/٣/١ـەوە دێنە ولاتەوە.

٤- بنیاتنانی بینا و کۆگا و دامەزراوەی هەمەچەشن.

٥- بەشداریکردن لە کەمکردنەوە و زیادکردن و چوونە ناو هەموو جۆرە بەڵێندەرایەتییەکەوە لە سەرجەم بەشەکانی دارایی و ئابووریی عێراقی و بیانی.

ئیمزا

فەریق ڕوکن/ سەعد خالید ئەلعوبێدی

بەرپرسی کاروباری تەناهی

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوەخۆ. پارێزگەی تەئمیم

نووسینگەی تایبەت

مێژوو: ٢٠٠٠/١/١٣

بۆ کاروباری ناوەخۆ/ دیوان

ئاگەدارکردنەوەی لێژنەی سانسۆری ناوەخۆ لە پارێزگە بەپابەندبوونی خاوەن شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان بەگۆڕینی ناو و ناونیشانە تۆمارکراو و نووسراوی شوێنەکانیان بەزمانی ناعەرەبی، وەکو ناوی کوردی و تورکمانی.

ئەمەش سەرجەم دوکان و شوێنەکان دەگرێتەوە: (چایخانە، مۆبیلیات، گازینۆ، گەرماو، مزگەوت، تەکیە، گۆڕ، کۆلان، شەقام، شوێنە مێژینەکان، سالۆنی سەرتاشین و بووک گواستنەوە و جوانکاری، شوێنی گەمە و ڕابواردن و وەرزش... هتد) و گۆڕینیان بۆ ناو و ناونیشانی عەرەبیی خودان سیفەتی شۆڕشگێڕی (حزبیی ناسراو).

ئیتر بۆ پێشەوە لە خەباتکردن.

لیوا ڕوکن/ نەوفەل ئیسماعیل خزەیر

پارێزگاری تەئمیم

سەرۆکی لێژنەی تەناهی لە پارێزگە

بسم الله الرحمن الرحيم(!)

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوەخۆ. کاروباری تەناهی

بۆ: پارێزگەی تەئمیم

نووسینگەی تایبەت. ژمارەی نهێنی/ ١٦٤٣١٦

سەبارەت بەڕەوشی نەسرۆ و پڕ لە شڵەژانی قوتابخانەکانی کەرکووک، لابردنی هەندێک دیاردەی نەرێنی بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە لەسەر ڕەوتی نەتەوەیی(!) و یەکخستنی ڕیزەکان(!)، ڕێگە نەدان بەبێگانە کەلێن بدۆزێتەوە، نەکو دەست وەربێنێ و بەدروشمی ڕەگەزپەرستی گەمە بەئاوەزی نەوەی تازەهەڵچوو بکات(!). لەبەر ئەمە لەسەر هەموو قوتابییانی قوتابخانەکانی پارێزگاکانە لەسەر ئەم ڕێنوێنییانەی خوارەوە بڕۆن:

یەکەم: پەروەردە و فێرکردن و خوێندن بەهەموو قۆناغەکانیانەوە (دایەنگە و سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی ئەکادیمی و پیشەیی و پەیمانگە و کۆلێجەکان) تەنیا بەزمانی عەرەبی بن. بۆیە دەبێت پابەند بن بەمانەوە:

أ- بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەم زمانانە بەکار بهێنرێن (کوردی، تورکمانی، ئاشووری، کلدانی) لەلایەن دەستەی فێرکردن و دەستەی وانەوتنەوەوە لە کاتی وانەوتنەوەدا، یان ئەو ڕستانەی قورسن، جگە لە زمانی عەرەبی (لە کاتی دەوامدا).

ب- بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەو زمانانەی ئاماژەمان پێ کردن لە لایەنی دەستەی فێرکردن و وانەوتنەوەوە لەگەڵ قوتابیان لە ماوەی پشوودا بەکار ببرێن.

ج- بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەو زمانە ناوەخۆییانە جگە لە عەرەبی لەنێو قوتابییەکان خۆیاندا بەکار ببرێن.

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوەخۆ. پارێزگەی تەئمیم

بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردن

ب: گشتاندن

هاوپێچ ڕێنوێنییە تایبەتەکان لە وەزارەتی ناوەخۆوە دەرچووە. بەژمارە ١٢١١٣ لە ١٩٩٩/٩/٢١دا، کە بەیاداشتی نووسینگەی تایبەت پێمان ڕاگەیەنراوە، بریتییە لە پابەندبوون بەجێبەجێکردنی زمانی عەرەبی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا . لەگەڵ وازهێنان لە شێوەزمانە ناوەخۆییە (دەرەکییەکان) لە زمانەکانی تر.

بەوردی پابەند بن بەو ڕێنوێنییانەوە. لیژنەیەکی تایبەتیش لە بەڕێوەبەرایەتی پێک بێت ئەرکی بەدواداچوون بەسەر لیژنە تەناهییەکانی تردا لە هەموو قوتابخانەکانی پارێزگە بگرێتە خۆ. ڕاپۆرتی ناوبەناویش بۆ لیژنەی تەناهیی پارێزگە بەرز بکرێتەوە و ئاگەدار بکرێینەوە.

هاوپێچ: ڕێنوێنییەکانی وەزارەتی ناوخۆ.

ئیتر بۆ پێشەوە (بەرەو باوەڕ و خەبات).

سەرتیپ/ نافع سەلمان موتڵەگ

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوەخۆ. پارێزگەی تەئمیم

نووسینگەی تایبەت

بۆ: وەزارەتی ناوەخۆ

کاروباری تەناهی

وا لە خوارەوە زانیاریتان لەسەر ڕاگواستنی هاوولاتییان لە پارێزگەی کەرکووک بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگەی ئەنبار بۆ دەنێرین. لەبەر هۆکاری تەناهی و لەبەر ڕۆشنایی ڕێنوێنییەکانی ناوەند. لە ١٩٩٨/١/١ تا ١٩٩٨/١٢/٣١ بۆ دەنێرین، بەم شێوەیە:

١- ژمارەی خێزانە کوردە ڕاگوێزراوەکان سەد و حەفتا و دوو خێزانن. سەد و سی و شەش خێزانیان بۆ پارێزگەی سلێمانی گواستراونەتەوە، حەڤدەیش بۆ پارێزگەی هەولێر. نۆزدە خێزانیش بۆ پارێزگەی ئەنبار.

٢- ژمارەی خێزانە تورکمانە ڕاگوێزراوەکان حەڤدە خێزانن. نۆ خێزانیان بۆ پارێزگەی سلێمانی گواستراونەتەوە. هەشت خێزانیشیان بۆ پارێزگەی ئەنبار.

٣- تێکڕای هاوولاتییەکان = ١١٦٧ کەسن.

ئیتر بۆ پێشەوە (بەرەو باوەڕ و خەبات).

لیوا ڕوکن/ نەوفەل ئیسماعیل خزەیر

پارێزگاری تەئمیم

بسم الله الرحمن الرحيم

نهێنی و بەپەلە

بۆ: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگری

ب: ڕاییکردن (!)

"دوای فەرمانی ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی سەرکردایەتیی سیاسییەوە و بەهەڵسانمان بەپرۆسەکانی ئەنفالی یەکەم و دووەم، کە تێیدا کۆمەڵی جیاجیامان گرت، لە نێویاندا کۆمەڵێک کیژیان تێدان، تەمەنیان لە ١٢ بۆ ٣٣ساڵن نەک ١٤ بۆ ٢٩ ساڵ، وەکو لەو یاداشتەدا هاتووە، کە ژمارەی ١١٠١ مێژووی ١٩٨٩/١٢/١٠ لەخۆ دەگرێت، ئێمەش بەپێی فەرمانی ئێوە کۆمەڵێک لەو کچانەمان بۆ تیاترۆخانە و یانە شەوانەییەکانی کۆماری میسری عەرەبی (خوشکە گەورە!) نارد، بەپێی (داواکاریی ئەوان). هاوپێچ لیستی ناوی ئەو کچانەیە لەگەڵ تەمەنی هەریەکێکیان. بفەرموون بۆ ئاگەداریتان لەگەڵ ڕێز".

ئیمزا

بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی پارێزگەی تەئمیم

بێ نووسینی ناوی بەڕێوەبەرەکەی

(بەم شێوەیە: گەلاوێژ، چیمەن، شلێر، کوێستان، سروە، سۆزە و دەیانی تر لە کیژانی پاکیزەی کوردستان بەسۆزانیخانەکان تا کاریان تێدا بکەن، فرۆشران. ئەمەش لە ئەستۆی ڕێژیمە کە بەدرۆ برگەی (الله اکبر)ی لە ئالآکەی داوە، ڕێژیمێکی ناوازەی وا پاڵ بەکچانی میللەتەکەیەوە دەنێت، تاکو ناموسیان بەسوورخانەکانی ولآتێکی برا بفرۆشێت!).

وێنەیەک لە فۆرمی (تصحيح القومية)...

بسم الله الرحمن الرحيم

السيد مدير احصاء محافظة التأميم المحترم

الموضوع: تصحيح قومية

يرجي التفضل بالموافقة على تصحيح قوميتي من القومية... الى القومية العربية.

وتفضلوا بقبول جزيل الشكر والتقدير

طابع ٢٥ دينار

المواطن:

الاسم:

العنوان:

التأريخ:

بسم الله الرحمن الرحيم

كۆماری عێراق

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

ژمارەی بڕیار ١٩٩٠

مێژووی بڕیار ١٨/ جمادی الاخر ١٤٢٢ له ٢٠٠٢/٩/٦

لەبەر بوونی دۆخەیلی بۆماوە لە تۆماری کاتی فەرمانڕەواییی عوسمانییەکان لە عێراقدا و لە پێناو دانی ماف بەعێراقی نەتەوەی خۆی هەڵبـژێرێت و بێتەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی، کە عەرەب ئەو کەسەیە لە نیشتمانی عەرەبیدا بژییێت و بەزمانی عەرەبی بدوێت و عروبەی بەنەتەوەی خۆی هەڵبژاردبێت، بەپشتبەستن بەبڕیارەکانی بڕگەی (؟) لە مادەی چل و دووی دەستوور، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری دا:

یەکەم: هەر عێراقییەک هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، مافی ئەوەی هەیە نەتەوەکەی بگۆڕێت بۆ نەتەوەی عەرەب.

دووەم: داواکاریی گۆڕینی نەتەوە پێشکێش دەکات بۆ فەرمانگەی ڕەگەزنامە و باری شارستانی، کە کەسەکەی تێدا تۆمار کراوە.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتیی ڕەگەزنامە و باری شارستانی لە پارێزگە ئەمە جێگیر بکەن، لە داوایەکدا لە ماوەی ٦٠ ڕۆژ لە پێشکێشکردنی.

چوارەم: لە تۆماری شارستانی گۆڕینی نەتەوە جێگیر بکات و ببێتە بناغەیەک بۆ چاککردنی تۆمار و دیکۆمێنتە فەرمییەکانی تر.

پێنجەم: وەزیری ناوخۆ ڕێنوێنیی بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی

بەندەکانی بڕیارەکە دەربکات.

شەشەم: بڕیارەکە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمییەوە جێبەجێ دەکرێت.

سەدام حوسێن

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

## پێڕست


بەرایی ........ 5
مەکیاڤیللی و خێزانەکەی و ڕەوشی ژیانی ........ 8
بەشدارییەکانی لە کاری سیاسیدا و دانراوەکانی ........ 12
ڕۆشنبیرییەکەی ........ 16
چەندان ڕا لەبارەی بۆچوونەکانی مەکیاڤیللی و ڕەنگدانەوەیان ........ 19
مەکیاڤیللیی مێژوونووس و فەیلەسووفی مێژوو ........ 30
کورتەی ڕایەکانی مەکیاڤیللی لە سیاسەت و ڕەوشتدا ........ 40
ڕەگەکانی مەکیاڤیللیزم و بەرهەمە تاڵەکانی ........ 47
ئامۆژگارییەکانی مەکیاڤیللی بۆ سەدامی قوتابیی خۆی لە کەرکووک ........ 53